# بەسیاسەتێکی کۆمەڵایەتی داڕێژراو دەتوانین



سیاسەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆی تێڕوانینە سۆسیۆلۆژی و فەلسەفییەکانی هەر دەوڵەتێك بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. یا بەمانایەکی تر بریتییە لە کۆمەڵێك ستراتیژییات و ڕێوشوێنی بەکارهاتوو بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجگەلێکی دیاریکراو، یا دەشێ بڵێین کۆمەڵێك ئامرازی ستراتیژیین کە بۆ دەستنیشانکردنی واقیعی کۆمەڵگە و دیاریکردنی ئەلتەرناتیڤە جیاوازەکان وەگەڕ دەخرێن. بۆیە ناکرێ باس لەژیانی کۆمەڵایەتی هیچ کۆمەڵێك بکەین بەبێ وەها سیاسەتێك.

# دوارۆژێکی گەش بۆ کۆمەڵگەکەمان دابین بکەین



پرۆفیسۆر(د.فوئاد ئیبراهیم سەراج ):



# نە لە کۆمەڵگەی کوردی و نە لەعێراقیشدا سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی نابینم

لە پێوەند بــە گرنگی وەها مەســەلەیەك کە دواڕۆژی وڵات و کۆمەڵگەی پێوە بەســتراوە مامۆســتای زانکۆی ســەلاحەدین پرۆفسۆر ( د.فوئــاد ئیبراهیم ســەراج ) کە هەڵگری بڕوانامــەی دکتۆرایە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا، ئــەو لایەنە باشــتر ڕووندەکاتەوە و دەڵێ: ڕاستە شتێك هەیە پێیدەوترێ (سیاسەتی کۆمەڵایەتی) و سۆسیۆلۆجیاش کە زانستێکی یەکجار گرنگە لە پێوەند بەم بابەتەوە، بەپێوەری زانستیانەی ورد لەم باسە دەکۆڵێتەوە. سیاسەتی کۆمەڵایەتیش بابەتێکی پانوپۆڕ و بەرفراوانە، هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەتایبەتیش دیاردە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر لایەنــی دیکە. کۆمەڵگــەش ڕۆژ بە ڕۆژ لە گــۆڕان دایە، بەم پێیەش زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە لەگەڵ ڕۆژگاردا لە کەڵك دەکەون یا هەر مانەوەی ئــەم جۆرە پێوەندیانە زیان بە پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لێرەوەیە کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بەو پێوەندیانەدا دەچێتــەوە و کۆمەڵگە ئامادە دەکات کە ئەو پێوەندیانە تێپەڕێنێ، بە مەبەستی پێشخســتنی کۆمەڵگەکە. بۆیە دەوڵەت دەبێ بەپێــی سیاســەتێکی داڕێژراوەوە، نــاوە ناوە بەپێــی پلان، بــە بارودۆخــی کۆمەڵایەتیدا بچێتــەوە.. دیارە بۆ ئەوەی وردتر لە باســەکە بڕوانین پێویســتە پێناسەی زانســتیانەش بۆ ئەم چەمکــە بکەین، بــۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەش مامۆستا (شــەهلا وەلی جەبار) کە مامۆستای کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدینە دەڵــێ: پرۆفیســۆر مارشــاڵ «بەمجــۆرە پێناسەی سیاســەتی کۆمەڵایەتی دەکات، کە سیاســەتی حکومەتە و کۆمەڵێــك پەیڕەو و پرۆگرام لەخۆ دەگرێت و بۆ دەســتەبەرکردنی بیمــەی کۆمەڵایەتــی و مســۆگەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و.. تاد، دادەنرێت. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناســەیەی کە (کۆلێر) لە کتێبەکەیدا بەناوی (ئابووریبوونی سیاسەتی کۆمەڵایەتــی)، هەوڵ دەدەین پێناســەیەکی گونجاو بخەینــە ڕوو کە تێیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سیاســەتی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زۆر جددی لەگەڵ مەسەلە سیاسییە هەنووکەییــەکان تێکچڕژاوە. بــەڵام لەڕووی مێژووییشەوە، چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی (Social Policy) لەسەدەی (١٩) لەنێو شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی کۆمەڵگەی ســەرمایەداری هاتە ئاراوە، ئەوکات پێیدەوترا (مەســەلە کۆمەڵایەتییەکان) وەك نیشانەیەك بــۆ دەرکەوتنــی پێوەندی نێوان خــاوەن کار و کرێــکار، هەروەها گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کە بە پیشەســازی بوون لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی. ئینجــا سیاســەتی کۆمەڵایەتــی بوارێکــە پێوەندییەکی توندی بــە ئایدیۆلۆژیاوە هەیە و بەئامانجی دۆزینــەوەی ڕێگەچارەی گونجاو یــان کەمکردنــەوەی ئاکامی کێشــەکان، بۆ باشــترکردنی ڕەوشــی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابــووری و تەندروســتی، ئەوا سیاســەتی کۆمەڵایەتی هاتووەتە ئاراوە. لەمەوە مومکینە بتوانرێــت چەمکی سیاســەتی کۆمەڵایەتی لەبەر ڕۆشــنایی ئەو ڕاستییانەی لای خوارەوە ڕوون بکرێتەوە:

١. سیاســەتی کۆمەڵایەتــی چالاکــی و جموجۆڵێکــی لەخۆوەیــی نییە کە پشت بە شــێوازی ئەزموونکردن و هەڵەکردن ببەستێت، بەڵکو ڕێوشوێنێکی ئەقڵانی پلان بۆ داڕێژراوە، کە سەرەداوی کێشەکان، میکانیزم و ئامانج لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە، دەستنیشان دەکات.

٢. سیاســەتی کۆمەڵایەتی شوناســی خۆی لە ئایدیۆلۆژیــای ئەو کۆمەڵگەیە وەردەگرێت کــە مەبەســتە لەســەری پراکتیــزە بکرێت. بۆیەلێپرســینەوە بابەتییــەکان ســەبارەت بە گشتاندنی پێناسەیەکی دیاریکراوی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگەیەك کە کەلتووری جیاجیای تێدایە، ئاگادارمان دەکەنەوە.

٣. بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە کێشــە هەنووکەییەکانــی کۆمەڵگەیەکی دیاریکــراو لــە زەمەنێکی دیاریکــراو، جودا نییە. ئالێرەدا تێبینی دەکرێت کە ئامانجەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر کۆمەڵێك کێشــەی دیاریکــراو لە ماوەیەکــی زەمەنی دیاریکراو، دەکاتەوە وەك (خوێندن، تەندروستی، کار، شوێنی نیشــتەجێبوون)، کە ئەولەوییەتی هەریەکێك لەم بوارانە لــە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر جیاوازە، کەواتە چەمکی سیاســەتی کۆمەڵایەتی لەلایەکەوە چەمکێکی لێکچڕژاوە کە کردە، ڕێوشوێن، تەشریعات و ڕێکخستنگەلێك لەخۆ دەگرێــت و ئامانجی دەســتەبەرکردنی گەشــەپێدانی کۆمەڵایەتییــە. هەروەهــا چەمکێکــی ڕێژەییە، چونکە بە پێشــکەوتن، دواکەتن و پێداویســتییەکانی کۆمەڵگە ئەویش دەگۆڕدرێت و گەشەی پێدەدرێت.

### ئەو کۆمەڵگەیانەی کە سیاسەتی کۆمەڵایەتیان نییە چارەنووسیان چییە یان بەلایەنی کەمەوە ئاسۆی دواڕۆژیان بە چ ئاقارێکە؟

چ دەوڵەتێــك ئەوەنــدە لــە غەفڵەتدایــە کە ئــەم لایەنــە زێــدە گرنــگ و پــڕ بەهایە فەرامۆش دەکات و ســتراتیژییەتێکی نییە بۆ بەڕێوەبردنــی کۆمەڵگەکەی..پرۆ فیســۆر(د. فوئــاد) لەمبارەییەوە دەڵــێ: کۆمەڵگەیەك کــە سیاســەتێکی کۆمەڵایەتــی نەبــێ کارەســاتی لێدەقەومێ. مەبەستم ئەوەیە سەر لەبــەری کایەکانی ئابووری و ڕۆشــنبیری و

**مامۆستا (شەهلا جەبار وەلی):**



# زۆربەی وڵاتە پێشكەوتووەكانی دنیا سیاسەتێكی كۆمەڵایەتی داڕێژراویان هەیە

كۆمەڵایەتییەكەی پشێوی و بێسەروبەری تێدەكەوێ. لەڕووی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەشی دووچاری پەشۆكان و هەڵچوون و داچوون دێت. بێگومان ئەوەش ڕەنگدانەوەیەكی سلبی دەبێ لەسەر كەسایەتی تاك و خێزان، هەر وەك ئێستاكە لە كۆمەڵگەی عێراقیدا دەیبینین كە چ پشێوییەك دووچاری عێراقییەكان بۆتەوە. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین كە یۆنانییە كۆنەكان بایەخێكی تایبەتی و زۆریان بە زانینی ڕەفتاری كۆمەڵایەتیانە و پاڵنەرەكانی مرۆڤ دەدا. ئەوان پێش ئەوەی بایەخ بە ڕۆڵی پێوەندییە سیاسییەكان و پابەندبوونە تایەفەیی و ئایینی نەژادی بدەن، زۆریان بایەخ بە پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەدا. هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین كە كەسایەتی زۆر دیاریكراو و تایبەتمەند لە وڵاتی گریك دەركەوتن، كە دەسكەوتی یەكجار گەورە و گرنگیان بۆ كۆمەڵگەی یۆنانی و جیهانیش بەدەستهێنا..

**بە بڕوای مامۆستا (شەهلا)ش:** زۆربەی وڵاتە پێشكەوتووەكان بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی لە حوكمكردنیاندا پەیڕەو لە سیاسەتی كۆمەڵایەتی دەكەن و پێیانوایە بۆ دەستەبەركردنی دادپەروەری كۆمەڵایەتی و بەشینەوەی سەرچاوە ماددی و مرۆییەكان بەسەر هاووڵاتیانیاندا پێویستییان بە بوونی سیاسەتی كۆمەڵایەتی هەیە. هەروەها لە وڵاتانی تری تازە گەشەسەندوشدا خەریكە دەرك بە پێویستیبوون و زەرورەتی ئەم بابەتە بكەن و لە وڵاتێكی وەك تونس پەیڕەوی لێكراوە، هەروەها میسر و وڵاتانی كەنداو هەنگاوە یەكەمییەكانیان سەبارەت بە پەیڕەوكردنی سیاسەتی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگەكانیان، هاویشتووە.. سەبارەت بەوەش كە پایەكانی ئەم سیاسەتە دەبێ لەسەر چ بنەمایەك دابڕێژرێت (د.فوئاد) پێیوایە كە لە پرۆسەی بنیادنانی كۆمەڵایەتیدا پایە و توخمی گرنگ هەن كە هەر دەوڵەتێك دەبێ پەیڕەوی لێبكات، لەوانە بنیادی پەروەردە، بنیادی كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری.. تاد ئەوانە شێواز و ئامرازی ئەو سیاسەتەن. بەڵام چۆنیان دادەڕێژیەوە، بۆچ ئامانج و مەبەستێك دایاندەڕێژیتەوە، ئەوە گرنگە، تەنانەت هەر زۆر ترسناكیشە. كۆمەڵگە بەو ئامرازانە ڕێكدەخرێ. ئینجا سەرەتاكەش لە قوتابخانەوە دەستپێدەكرێ، پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ خێزان، ئەوجا یەكە كۆمەڵایەتییەكانی دیكەش، كە بۆ بەدیهێنانی كۆمەڵگەیەكی دیموكراسیانە لە عێراقی تازەدا زۆر گرنگە. ئەمەش مانای وایە، یەكەم «چاوخشاندنەوە بە بنیاد و پێكهاتی كەسایەتی منداڵ. دووەم « چاوخشاندنەوە بە بنیادنانەوەی پێكهاتی كەسایەتی مامۆستا و فەراهەمكردنی سەربەخۆیی بۆ مامۆستا. سێیەم: سەربەخۆیی بوونی بواری فێركردن و بە دیموكراسیكردنیشی لە هەموو ئاستەكانی سەرەتایی و ناوەندی و زانكۆدا.

## ئایا ئێمەی كورد سیاسەتێكی كۆمەڵایەتیمان هەیە؟

كۆمەڵگەی كوردەواریمان نزیكەی بیست ساڵێكە لەژێر چەپۆكی ڕژێمی سەركوتكەر و وێرانكەری بەعس ڕزگاری بووە، كورد حكومەت و دەسەڵاتی سیاسی خۆی هەیە و ئیدارەی ئەم وڵاتە دەكات، پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێمە سیاسەتێكی كۆمەڵایەتیمان هەیە؟ (د.فوئاد) دەڵێ: نا نەخێر، نە لە كۆمەڵگەی كوردی و نە لە عێراقیشدا سیاسەتێكی كۆمەڵایەتی بە مانای وشە نییە. هۆیەكانیش زۆرن، ڕیشەكەی بۆ سەرەتاكانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە. هەندێ لایەنی ئەم مەسەلەیە پێوەندی بە پێگە و ڕۆڵی ژنی كوردەوە هەیە. تاوەكو ژن لە كۆمەڵگە دا، لە ناو خێزاندا ئازادی خۆی بە دەست نەهێنێ، هیچ سیاسەتێكی كۆمەڵایەتی سەركەوتنێكی وەها بەدەستناهێنێ. لە بیرشمان نەچێ پیاویش لە زۆر بواردا، بارگرانییەكی زۆری لە سەر شانە. دەبێ ڕەچاوی هاوسەنگی ئەرك و مافی هەروولا بكرێت. بێجگە لەوەی كە ئێمە زۆر كێشەی كۆمەڵایەتیمان هەیە وەك زۆری منداڵ و زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان و كۆچ و.. تاد ئەوانە لە داڕشتنی سیاسەتی كۆمەڵایەتیدا دەبێ حسابی ورد و زانستیانەیان بۆ بكرێت. ئەوجا لە داڕشتی سیاسەتی كۆمەڵایەتیدا دەبێ دوو شتی زۆر گرنگ ڕەچاو بكرێت: یەكەم ئەوەیە كاتێك دەسەڵاتی سیاسی ئەم سیاسەتە دادەڕێژێ دەبێ بە هاوكاری و هەماهەنگی هەموو چین و توێژەكانی گەل بێت و ڕەچاوی ماف و ئیمتیازاتی چینایەتی و كۆمەڵایەتیان بكات. دووەم ئەوەیە سیاسەتی كۆمەڵایەتی بۆ كێ و بۆ چ ئامانجێك دادەڕێژرێ. ئایا چۆن دەڕوانرێتە ڕۆڵی ژن لە كۆمەڵگەدا، چ ستراتیژییەتێكی دەبێ بەرامبەر ڕێكخستنی خێزان، پەروەردە و فێركردن، دابونەریتە كۆمەڵایەتییە دواكەوتووەكان، وەرزش بەگشتی و وەرزشی كۆمەڵەكیی و ئافرەتان بەتایبەتی، دەزگا و دامەزراوەكانی ئەوەی پێیدەڵێن كۆمەڵگەی مەدەنی....تاد ئایا ئەمانە بەشێوەیەكی زانستیانە و وردكراون ؟ بۆیە پێموایە داڕشتنی وەها سیاسەتێك جگە لەوەی كە سیاسەتێكی زۆر پێویستە، كۆمەك بە پێشخستنی وڵاتیش دەكات. سەیری وڵاتانی دنیا بكە، بەتایبەتی دنیای پێشكەوتوو،، هەر وەك نموونەمان بە گریكی كۆنیش هێنایەوە، هەموویان بە هۆی بایەخدانیان بە سیاسەتی كۆمەڵایەتییەوە پێشكەوتوون.

**دەسەڵاتی سیاسی ئەم سیاسەتە دادەڕێژێ دەبێ بە هاوكاری و هەماهەنگی هەموو چین و توێژەكانی گەل بێت و ڕەچاوی ماف و ئیمتیازاتی چینایەتی و كۆمەڵایەتیان بكات**

# ئایا ئاسۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی فێمینیزم لە کوردستاندا دەبینرێت؟

بزووتنـــەوەی فێمینســـتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گـــەرم و گوڕی ژنانەیە و هەڵقوڵاوی کێشـــە زۆر و زەبەندەکانی نێو کۆمەڵگەیە. ئەم بزووتنەوەیە کە ئاراستە و دیدگای جیاجیا و مەودای فکری جیاوازی هەیە، لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیا سەریهەڵدا و بە چەندین ئاراســـتە گەشەی سەند و لە زۆر بواریشدا گۆڕانی گەورەی بەرپاکرد و دەســـکەوتی حاشـــا هەڵنەگری وەدەستهێنا....



ئەم بزووتنەوەیە هەم بزووتنەوەیەکی فرەمەودا و ڕەهەند بووە، هەمیش فرە گوتار بووە و کۆمەڵێك مشتومڕی فکری لێکەوتۆتەوە، تەنانەت لەسەر ئاستی زاراوەش مایەی مشتومڕ بووە. بۆ ئەوەی لەڕووی ماناوە وەك زاراوەیەك لە وشەی فێمینیزم ورد بینەوە، پێوستە لەمانای زاراوەکە خۆی وردبنەوە هەر وەك خاتوو (ڕێواس فایەق)ی چالاکوانی بواری ئافرەتان و قوتابی دوکتۆرا لە بواری یاسادا بەمشێوەیە شیدەکاتەوە و دەڵێ: فێمینیزم بریتییە لەو بیروباوەڕەی کە داوا دەکات هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ یەکسان بن لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە. بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کارەکتەری فێمینیست خاوەن هیچ داخوازیەك نییە جگە لەیەکسان بوون و بەرابەری ڕەگەزیی. دەکرێت کارەکتەری فێمینیست لەڕێکخراوەکانی ژنان یاخود وەك ژنێکی سەربەخۆ لەبوارەکانی ئەدەب و هونەر و سیاسی ڕۆڵی فێمینیستێك ببینێ و هەڵگری بیروباوەڕی یەکسان خوازی خۆی بێت. وەك زاراوەش وشەی فێمینیزم دەستەواژەیەکی فەرەنسییە کە لە وشەی ئەندێشەی فێمینیزمەوە واتە بزووتنەوەی ژنانە وەرگیراوە و مێژووی ئەم دەستەواژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشەنگەری ئەوروپا. ئەگەرچی شۆڕشی فەرەنسا زەمینەیەکی جددی و لەباری ڕەخساند بۆ بنیادنانی ئەم بیرۆکەیە کە پەیوەست بوو بە نووسینەوەی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ کە بۆ یەکەمجار بەشێوەی جاڕنامەیەکی گەردوونی داڕێژرایەوە، بەڵام ئەم جاڕنامەیە سەر لەبەری بۆ ڕێکخستنی مافەکانی پیاو داڕێژرابۆوە. لە دەیەکانی نەوەدی سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسا، ژنان بەشێوەیەکی بەربڵاو لە بزووتنەوە و شۆڕشدا بەشداریان کرد و دەستبەجێ کەوتنە دامەزراندنی ئەنجومەنی سیاسیی تایبەت بە ژنان و بەرە بە بەرە لە سەرانسەری ئەوروپادا پەرەیان سەند.

ئەمە سەبارەت بە وشەکە، بەڵام لەسەر ئاستی کارکردن و چالاکی نواندن و بگرە لە ئاستی فیکری و ئیدیۆلۆژیشدا، ئەم بزووتنەوەیە بەلابال و شەپۆلی جیاجیا دەرکەوت. ئەم لابالانە بەتایبەتی ئەوانەی ئەوروپا بەتایبەتی دوو ئاراستەی سەرەکیەکە چۆن خۆیان مەترەح دەکەن بانگەشەی چ

**ڕێواس فایەق:**



# ئەو ڕێکخراوانەی ئیش بۆ مافەکانی ئافرەتان دەکەن هیچیان خاوەنی بیروباوەڕی فێمینیزم نین

داخوازییەك دەکەن، ڕووناکبیر و نووسەری کوردستانی ڕۆژهەڵات مامۆستا (عەبدولعەزیز مەولوودی) بەمجۆرە ئەم لایەنە شیدەکاتەوە و دەڵێ: ئیشارەتی ئێوە لەو پرسیارەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر دوو باڵی بەهێزی بزووتنەوەی فێمینیستی لە بیری ڕامیاری- کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوای نوێدا. جیا لەوەی کە فێمینیستەکانی ڕۆژئاوا چۆن خۆیان لە ئاست بیری ڕامیاری- کۆمەڵایەتی زاڵ دەناسێنن، لەبەر ئەوەی کە ڕوانینی جیاواز لە ئاست ژنان هەیە و بۆتە هۆی پلەی نزمی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بۆ ژنان، دوو باڵی بەیەکەوە ناکۆکن. باڵێك وەکو فێمینیستە لیبڕاڵ و سۆسیالیستەکان، بە پێداگری لە سەر چەمکی «جیاوازی نێوان ژن و پیاو» پێیانوایە کە دەبێ بۆ گەیشتن بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو هەوڵبدرێ تاکو ژنانیش بتوانن ڕۆڵی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی خۆیان بگێڕن. دیارە لایەنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی ژنان لێرەدا بەهێزە. لە بەرامبەر ئەوانەدا، باڵی دووەم وەك فێمینیستە ڕادیکاڵەکان، بە پێداگری لە سەر ڕەسەنایەتی جیاوازی نێوان ژن و پیاو پێیانوایە کە دەبێ ئەو جیاوازییە قووڵبکرێتەوە و کەسایەتی ژن وەك تاکی سەربەخۆ بسەلمێندرێ. باڵی دیکەی فێمینیستیش هەیە کە لێرە دا باس ناکرێن. بە بڕوای من ناکرێ خۆمان لە وەدا بهێڵینەوە کە یەك لەو دوو بۆچوونانە هەڵبژێرین، پێموایە دەبێ فێمینیستەکان مەودایان پێبدرێ تا هەوڵی خۆیان بدەن بۆ پێشکێشکردنی داخوازیگەلێکی کە چاوەڕوانی دەکەن وەك ئاڵوگۆڕ لە ڕوانگەی دەسەڵاتداری پیاوانە دا بە دی بێ. ئایا ئێمە لە کوردستاندا خاوەنی هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکی فێمینیزمین؟ یا بە مانایەکی دیکە لە هەناوی کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردەواری بزووتنەوەیەکی وەها شك دەبەین؟ بزووتنەوەی لەم شێوەیە بۆ لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دروست نەبووە یا دروست نابێت؟ (ڕێواس فایەق)دەڵێ: ئەم چەمکە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا چەمکێکی نامۆیە، زۆر کەم دەستی بۆ براوە وەك بابەتەکانی عەلمانیەت و بابەتەکانی جێندەر. چوون کاتێك باس لەو چەمکانە دەکرێت. وەك ئەوە وایە دەستمان دابێتە تێکدانی شتە پیرۆزەکان، ئاوا باس لە فێمینیزم دەکەن. قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە قسەکردنێکی هەژارانەیە. چونکە ئێمە لەکوردستان خاوەنی هیچ قوتابخانەیەك یا ڕێچکە و ڕێبازێکی فێمینیزمی نین. تەنها قسەکردنێك و پچڕینی هەندێ قسەی لێرەو لەوێی خەڵکە. ئەگەر بەشێوە جیهانییەکەی سەیری دروستبوونی ئەم بزووتنەوەیە بکەین، هۆکاری دروستبوونی ئەوەیە ئەگەر لەهەر قۆناغێکدا گرووپێکی سیاسی دروست بووبێت ئەو گرووپە خاوەنی چ فیکرێکی سیاسی بووبێت، ئەوا ئەو فەلسەفە سیاسییەی توانیویەتی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی فێمینیزمی دروستبکات. هەر بزووتنەوەیەکیش خاوەنی فەلسەفەیەکی سیاسی بووە. بۆنموونە ئەگەر لەهەر قۆناغێکدا بزووتنەوەیەکی فێمینیزمی دروست بووبێت کە باوەڕی وابووبێت کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بە هەڵگەڕانەوەی تەواوی ئەو مەفاهیمانە دروست دەبێت کە کۆمەڵگەی لەسەر بنیادنراوە. لە پاڵیا بزووتنەوەی فێمینزمی دروستبووە کە پێیوابووە سەرلەبەری کێشەکانی ژنان بەوە چارەسەر دەبێت کە

**عەبدولعەزیز مەولوودی:**



# دەبێ فێمینیستەکان مەودایان بدرێتی تا هەوڵی خۆیان بدەن بۆ پێشکەشکردنی داخوازییان

بەهاکانی کۆمەڵگە بگۆڕێت. لە کوردستان دوو بیروباوەڕی جیاواز دروست بووە لەسەر بزووتنەوەی فێمینیزمی، یەکەمیان پێیانوایە «فەلسەفەی بزووتنەوەی فێمینیزمی بزووتنەوەی رزگارکردن و یەکسانی خوازی ژنانە». بیروبۆچوونی دووەمیش ئەوەیە بە پێچەوانەی ئەمەی یەکەمەوە هەندێك بیروبۆچوونی دیکە هەیە پێیوایە کەسی فێمینیستی بە شێوەیەك کێشەکانی ژنان چارەسەردەکات کە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئێمەدا ناگونجێت. بەڵام رەنگە گەڕان بەدوای بزووتنەوەیەکی وەها ئاکامێکی وەهاشی نەبێت، هەر وەك مامۆستا مەولوودی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ: بە بڕوای من گەڕان بە دوای فێمینیستێکی راستەقینە رەنگە زۆر ئاکامی نەبێ. تیۆری فێمینیستی لە رۆژئاوا دا خاوەن مێژوویەکی درێژخایەن نییە، دیارە لە ناو ئێمەشدا زۆر لەوە لاوازترە و هێشتا خۆی نەگرتووە. هەر بۆیە پێموایە بههۆی روونەدانی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەکانی سوننەتی بیری رامیاری-کۆمەڵایەتی ئێمەدا، ژنان و بزووتنەوەی ژنان لە کوردەواریدا ئەگەری ئەوە هەیە کە زۆر زوو بە باری رادیکاڵیدا بکەون یان کۆمەڵگە (پیاوان و دەسەڵاتداری پیاوانە) زۆر سووکتر کە کۆمەڵانی دی چاو لە ژن دەکات. بە داخەوە دەتوانم بڵێم تەنانەت شێوەی هەڵسوکەوتی بەشی خوێندەوار و مۆدێرنی کۆمەڵگەی کوردیش نەك زۆر متمانەی بە ژن نییە، بگرە دەیەوێ لە هەمان روانەی سوننەتی و دەسەڵاتدار لەگەڵی هەڵسوکەت بکات. بەڕای من، فێمینیسمی رۆژهەڵاتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی چاکسازانەیە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە رەوتی جیاوازی دیکە لە ناویاندا نەبێ. ناکرێ نە فێمینیسم نە هیچ رەوتێکی دیکەی کۆمەڵگە بە رەوشێك یان بیرێکی تایبەت ببەسترێتەوە. لاموایە هەر چەشنە هەوڵدانێك لەو بوارەدا باری بونیادگەرانە و ئایدۆلۆژیانەی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە کۆسپێکی دیکەی کۆمەڵگە. بەڵام ئایا رێکخراوەکای ژنان رۆڵێکی ئەرێی هەبووە لە پەرەگرتنی وەها بزووتنەوەیەك؟ مامۆستا (مەولودی) دەڵێ: کاری رێکخراوەیی ژنان دەکەوێتە خانەی فێمینیستی لیبراڵ یان سۆسیالیستی، بە مانای ئەوەی کە هەوڵی ئەوە دەدەن کە رۆڵ و پێگەی ژن و مافی یەکسانی ژنان مسۆگەر بکەن. بۆ نموونە لە کوردستانی ئێران ئەو بزووتنەوە لهدوای سەرهەڵدانی رەوتی چاکسازی ناسراو بە ٢ی جۆزەردان(١٣٧٦ ی هەتاوی-١٩٩٧ی زایینی) پەرەی گرتوو ژنانی کوردیش هاوهەنگاو لەگەڵ ئەو رەوتە توانیویانە دەور بگێڕن. هەڵبەت جیاوازی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ ناوەندێکی وەکو تاران کە لەوێدا ژنان زۆرتر کاریان کرد و بەهێزتر چالاکیان بۆخۆیان سەلماندووە، هە ر بە و



بۆنەشەوە دیارە ژنانی کورد لەگەڵ گرفتی زۆرتر روبەڕوو بوون. یەکێکیش لە چالاکیەکانی ژنانی کورد بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بووە. وەك کاری رۆژنامەگەری، پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی مەدەنی ژنان بەتایبەت لە بواری پاراستنی ژینگە و یارمەتیەکانی کۆمەڵایەتی و تاد. خاتوو (رێواس)یش دەڵێ: تائێستا لەکوردستان هیچ قوتابخانەیەکمان نییە بەناوی قوتابخانەی فێمینیزمی یاخود خەسڵەتەکانی فێمینیستی تەنیا لێرەو لەوێ قسەو باسی هەندێك کەسە. واتە ئەوانەی ئیش بۆ مافەکانی ژنان دەکەن چ ئەو رێکخراوانەی کە حزبین یاخود ناحزبی یاخود ئەو رێکخراوانەی کە نێودەوڵەتیشن، هیچ لەمانە خاوەنی بیروباوەڕی فێمینیزمی نین، چونکە هیچ یەکێك لەم رێکخراوانە خاوەنی فەلسەفەی دیاریکراوی خۆیان نین. لە رووی فیکرییەوە نارێکوپێکن جۆرێك لە ئیشکردنی هەرەمەکیان پێوە دیارە. هەتا کۆی رێکخراو چالاکوانەکانی مافی ژنان کۆنەبنەوە و لەسەر پرۆگرامێکی دیاریکراو خۆیان رێکنەخەنەوە، قوتابخانەیەکی تایبەت بە کاروباری ژنان دانەمەزرێنن. خاڵی هاوبەش نەدۆزنەوە ناتوانن خاوەنی هیچ بزووتنەوەیەکی فێمینیزمی بن بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تایبەت بەژنان. چونکە ئێمە لەکۆمەڵگەیەکی زۆر توندڕەوین. بۆ نموونە رێکخراوی ژنانی ئیسلامی لەگەڵ ریکخراوێکی ژنانی عەلمانی رێکناکەوێت بەهۆی ئەو جیاوازییەوە کە هەیانە. بۆیە ناتواننین ببینە خاوەنی هیچ بزووتنەوەیەکی فێمینیزمی، لەبەرئەمەشە هەرکەسەو بە تەنیا ئیش دەکەین و هەرکەسەمان سەر بە رێکخراوێکی حزبی جیاوازین، بۆیە ناتوانین ئەو بزووتنەوەیەش دروست بکەین. ئەو کێبرکێیەش لەکوردستان هەیە نەگەیشتۆتە ئەوەی لەگەڵ پیاوان بێت، بەڵکو لەگەڵ ژنان خۆیانە، چونکە ئێمە لەبەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان سیستەمی کۆتامان بۆ دانراوە، بۆیە ناچارین بکەوینە یەکتر شکاندن بۆئەوەی هەرکەسەو هەوڵی کورسی خۆی بدات. هۆکاری نەگەیشتنمان بۆ کێبرکێ لەگەڵ پیاودا ئەوەیە کۆمەڵگە تائێستا ئەوەندە متمانەی نەداوە بەئێمە بتوانین ئەو کێبرکێیە لەگەڵ پیاواندا بکەین.

# نازناوی ناشایستە لەسەر خێزان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی

لەکۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتدا زۆرجار ناووناوبانگ و نازناو(لەقەب) بەتایبەتیش ئەگەر ناقوڵا و ناشایستە و ناخۆش بوو، دەبێتە مایەی بریندابوونی هەستی مرۆڤەکان، خستنە پاڵی ئەو نازناوانە کە رەنگە هیچ پێوەندییەکی بەکەسێتی ئەو تاکەوەش هەر نەبێت، بەڵکو وەك نازناوێك لەخێزان و بنەماڵەوە بۆی مابێتەوە، ئەم نازناوانە مەرج نییە بەهۆی کاری باشەوە بن، بەڵکو هەندێکیان دەرەنجامی کار و رووداو و بەسەرهاتی خراپەوە بن کە بەڕاستی دەبنە رێگر لەبەردەم ژیانی کۆمەڵایەتی و زۆرجاریش پێکهێنانی خێزان بەتایبەتیش بۆ کچان. لەم راپۆرتە لایەنە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی نازناو و ناولێنانی ناشایستە دەخەینەروو، هاوکات بێ تاوانی کچ لەم مەسەلەیەدا روون دەکەینەوە:

**(ئاورینگ حەمەفەرەج)ی فەرمانبەر بۆچونی وایە**، تاکی کوردی قوربانیدەری ئەو نازناوە هەڵانەن کە هیچ پێوەندییەکی بەکەسێتی ئەو کەسەوە نییە بەتایبەت کچ، زۆرجار پرۆسەی هاوسەرگیری کچ لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڵوەشاوەتەوە، لەخێزانێکدا ئەگەر باوك یان دایك یان هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە کارێکی خراپ ئەنجام بدات، دەبێتە نازناوێکی خراپ، کە هیچ گوناهێکیشی نییە بۆچی دەبێت ببێتە رێگر بۆ کچ یان هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە.

(ژیوار جەزا)ی قوتابی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی ئەندازیاری دەڵێت: ئێمە وا دەڕوانین کە ئەگەر کەسێك کارێکی نالەباری کرد، ئیدی ئەمە پەروەردەی خێزانەکەی بەرەو ئەو ئاقارەی بردووە، بەڵام بیرلەوە ناکرێتەوە کە تاك کاتێك لەخێزان دەردەچێت رووبەڕووی شتە جیاوازەکانی دەوروبەر دەبێتەوە و لەژێر کۆنترۆڵی خێزاندا نامێنێت، بۆیە دەکرێت لەژیانی رۆژانەیدا تووشی کارێکی هەڵە و خراپ بێتەوە، ئەمە چ پێوەندییەکی بە خوشك یان برا یان دایك و باوکەوە هەیە، لەکاتێکدا خێزانەکەیان دڵخۆش نین بەو کارە، بۆچی دەبێت ئەوان باجەکەی بدەن.

**(ئارام جەمال) وەك رووناکبیر و نووسەر، باس لەبیر تەسکی تاکی کورد دەکات**، کە ئەنجامدانی کار دەرهاویشتەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو کەسەیە بۆ کارەکە، نەك پەروەردەو پێگەی خێزانی، لەوکاتەی مرۆڤ کارێك دەکات بیر لە دەرەنجامەکانی ناکاتەوە، لەکاتێکدا خوشکەکەی لەکاتێکی هەستیاردا تووشی ئەو حاڵەتە دەبێتەوە کە بۆچی براکەی ئەو کارە نالەبارەی کردووەو ئێستا کاریگەری لەسەر داهاتوو و ژیانی ئەو دەبێت؟ یاخود بەپێچەوانەوە کچێك هەڵەیەك دەکات، براکەی ببێتە گوناهبار، بۆیە با ئێمە روونتر سەیری دەرەنجامی کارەکان بکەین و پەیوەست نەبین بەناوی بنەماڵەو رەفتارو کەسایەتی ئەو خێزانە، بەڵکو تەنیا خودی کەسێتی ئەو کەسە وەربگرین و قبوڵی بکەین.

**(ژیان والی) مامۆستا دەڵێت:** وەك خۆم زۆر گرنگی بەناوی بنەماڵە دەدەم، تەنانەت لەژیانی خۆم جێبەجێم کردووە، چونکە ئێمە لەم کۆمەڵگەیەدا دەژین نەك کۆمەڵگەیەکی کراوە کە ئەو نازناو و قسانە قبوڵ نەکەن و بەهەند وەرینەگرن کە لەسەر خێزانی ئەو کەسە هەیە، ئەگەر لەگەڵ کوڕێکدا هاوسەرگیری بکەم کە خێزانەکەیان هەر ئەندامێکیان بێت نازناو یان کارێکیان کردبێت، وەك بۆ نموونە راو و رووت یا دزی یا هەر کارێکی ناشایستە و نابەجێ، ببێتە مۆرکێکی ناشیرین پێیانەوە، چۆن بتوانم ژیانی لەگەڵدا بەسەربەرم، ترسم لەقسە توندەکانی کۆمەڵگەیە، کە هەمیشە بەدواتەوە دەبن و لەداهاتوودا وەك میراتێك بۆ نەوەکان دەمێنێتەوە.

لەبەرامبەر هەموو ئەو بۆچونانەدا لەرووی لێکدانەوە دەروونی و کۆمەڵناسییەکەوە، خاتوو(میهرەبان جەلال) دەڵێت: مرۆڤ کاری هەڵەی لێدەوەشێتەوە، بەو مانایەی ئەگەر کارێکی خراپی بەئەنجام گەیاند مانای ئەوە نییە دوو هێڵی راست و چەپ بەسەر هەموو ژیانی خۆی و خێزانەکەیدا بهێنرێت، بەڵام لەم کۆمەڵگەیەدا تەنانەت ئەگەر باپیرەشی کارێکی کردبێت و بووبێت بە نازناوی ئەو خێزانە، نەوەکانی باجەکەی دەدەن و کاریگەردەبن پێی. مرۆڤ هەمیشە دەگۆڕێت و بەهەڵەکانیدا دەچێتەوە.

زیاتر لەم لایەنەدا کچ دەبنە قوربانیدەر، لەکوردیدا دەڵێن: (دایك ببینە کچ بخوازە) ئەم پەندە راستە، بەڵام ئەگەر دایك خراپ بێت، مەرج نییە کچەکەشی بەو شێوەیە بێت. فراوانتر بیربکەینەوە، پێدەچێت بەهۆی بارودۆخێکەوە دایکی تووشی هەڵەیەك بووبێت، ئیتر ئەمە بووبێتە بەرنامە و کچەکەشی بەهەمان شێوە بێت، لەئێستادا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فراوان بوون و تائێستاش هەوڵی خۆ رۆشنبیرکردن دەدات، بۆیە هیچ کەسێك بەرپرس نییە لەکەسێتی کەسانی خێزان و دەوروبەر.



# پاش چواردە ساڵ لە ئاوارەیی و دەردە غەریبی، کە هاتەوە بە تاوانێک تۆمەتبارکرا

**(هیوا) کە سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت هەژدە ساڵان بوو**

(هیوا) کە گەڕایەوە وڵات کۆمەڵێك هیوا و ئاواتی وەدینەهاتووی لە دڵدا هەبوو، ئومێدی ئەوەی هەبوو هیچ نەبێ بەهۆیەوە قەرەبووی ئەو ساڵانەی بێبەشی و مەحرومیەتی خۆی و خێزانەکەشی بکاتەوە. بەڵام کە لە فڕۆکەخانە دابەزی هەر هێندەی زانی و چی وای پێنەچوو کە خۆی لەبەردەم بنکەی پۆلیس بینییەوە. ئەفسەرەکە زۆر بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرد و پێیگوت: (هیوا) تۆ بەتاوانی ساختەکردنی بەڵگەنامەی ڕەسمی تۆمەتبار کراوی و لێکۆڵینەوەت لەگەڵ دەکەین. (هیوا) جارێ وەڵامی نەدابۆوە کە ڕۆژانی نەبوونی و مەینەتییەکانی هەژاری و ڕۆژە ناخۆشەکانی ڕێگەی هاتوونەهاتی سەفەری وەك برووسکە فیلمێك بە مێشکیدا گوزەری کرد. ئەو ڕۆژەی بەبیر هاتەوە کە بە باوکی وت: بابە چیتر بەرگەی ئەو ژیانە پڕ لە ڕەزاڵەتییە ناگرم. نە دینارێکی سووتام لە باخەڵ دایە نە کارێك هەیە بیکەم، سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم زۆر باشترە بێئیش و بێکار دانیشم، دەڵێن برسێتی ڕەگێکی لە هاری دایە دەترسم تووشی برادەری خراپ بم و ئەوانیش تووشی تاوانم کەن. بابم چاوی پڕ فرمێسك بوو سکی بە گەنجێتی من دەسووتا و خۆشی وەزعی زۆر باش نەبوو، کەچی زۆر ئازایانە خۆی سەر سەخت و وەك پۆلا نیشان دەدا. حەزی نەدەکرد بڕۆم، بەڵام حەزیشی نەدەکرد ڕێگەم لێبگرێت. هەرچۆنێك بوو بەو حاڵەوە بەبێ پارە و پوول جگە لە هەزار دینارێکی ئەوسا هیچیترم پێنەبوو. ملی ڕێی هاتوو نەهاتم لەگەڵ کاکی قاچاخچی گرت. ئەوها لەگەڵ قاچاخچی ڕێکەوتبووم کە ئەگەر چەند نەفەرێکی بۆ پەیدابکەم نە پارەم لێوەردەگرێت نە خەمی نان و مەسرەفیشم دەبێ. منیش بەزیادەوە نەفەرم بۆی پەیداکرد و ئەویش کردمییە هاوکار و هاوبەشی خۆی. باوکم کە نەخۆش بوو بە جگەرە فرۆشتن بە هەر جۆرێ بوو خەرجی ڕۆژانەی ماڵەوەی دابین دەکرد. خەمی بابم نەبوو ئەوەندەی خەمی دوو خوشکە جاحێلەکانم بووم. هەر چۆنێك بوو چاوێکم هەر لێیاندەبوو! بە دڵی پڕ کەسەرەوە خواحافیزیم لێیانکرد و ڕۆیشتم و چارەنووسی خۆم دایە دەست قەدەر. بە هەزار دەردە سەرییەوە چەندین ڕۆژ و هەفتە بەڕێوە، شاخ و داخ و دەشت و چۆڵەوانی ئێران و تۆرانمان بڕی. من لەهەموو هاوسەفەرەکانم گەنجتر و بچووکتر بووم. ئاخر تەمەنم تەنیا هەژدە ساڵ بوو، هەڕەتی گەنجایەتی و خۆشی تەمەنم بوو. بەڵام نە هەستم بە خۆشی تەمەن و نە خۆشی گەنجایەتیش دەکرد. خۆشی چی کە ژیانت یەك پارچە مەینەتی و نەبوونی و ناخۆشی بێت. بە پتر لە سێ مانگان ئینجا گەیشتینە وڵاتی یۆنان. ساڵێکیش لەوێ مانەوە، بە بەڵگەنامەی ناسنامە و وڵاتنامەی ناوی کەسێکی خوازراوەوە خۆمان ئامادە کرد کە بچینە وڵاتێکی ئەوروپی. خۆمان لەناو کامیۆنێکی گەورە و درێژ حەشاردا، ئای چ ڕەزاڵەتێك بوو خودایە، شانزە کاتژمێر لەناو شتوومەکان بە پشوو سواری قەرەپەستانێ و خۆ دانە پاڵ یەکەوە قەتیس بکرێت و بەند بیت، کوڕە هەر وەخت بوو بخنکێین، بۆ بڕە هەوایەك سوێمان دەبۆوە، کامیۆن کەپس و هەوا بڕو بێ کوون و کەلێن بوو، بە نۆرە هەموو ئەوانەی لەناو کامیۆنەکە بووین بەنۆرە دەممان دەخستە سەر ئەو کونەی کە ئەو کەمە هەواییەی لێدەهاتە ژوورەوە. هەتا گەیشتینە شوێنی مەبەست وەخت بوو هەڵبترۆقین. لەوێش ساڵەهای ساڵ چاوەڕێ بووم تا هەق و هقوقێکیان داینێ. ئیتر دەستم بە کار کردن کرد و شەو و ڕۆژ خۆم ماندوو دەکرد تا بتوانم بڕە پارەیەك بۆ ماڵەوە بنێرمەوە، باوکم چیتر بەو نەخۆشییەوە کار نەکات. زۆرم کەیف بەوە دەهات کە پارەکانم بۆیان دەناردەوە و بابم و دایکم دەیانگوت بەسە کوڕم چیتر پارەمان بۆ مەنێرەوە ئێستا لە خودای بەزیاد بێت لە هیچمان کەم نییە بەو بڕە پارەییەی کە بۆت ناردووین گوزەرانمان باشبووە.. (هیوا) لەو خەیاڵاتانەدا بوو کە ئەفسەرەکە بانگی کرد و ئاگاداری کردەوە کە وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. دوای ئەو ئاگادار کردنەوەیەی ئەفسەرەکە، هیوا زنجیرەی یادەوەرییەکانی پچڕا، ئاوڕێکی لە ئەفسەرەکە دایەوە و پێیگوت: کاکە من بەڵگەنامەم ساختە نەکردووە بۆ ئەوەی تاوانێك بکەم، ئەو بەڵگەنامانەم بەناوی خۆمەوە وەرگرتووە بۆ ئەوەی لە وڵاتێکی ئەوروپی وەربگیرێم و بحەوێمەوە. بەخۆشم دەرمنەهێناوە. کە گوفتاری وەرگیرا بردیانە لای دادوەر و ئەویش بڕیاریدا دوانزە ڕۆژ بەند بکرێت. هیوا خەریکبوو شێت دەبوو، دەیگوت: بابە ئاخر من چواردە ساڵە ئاوارە و غەریب بووم هەر هیچ نا با دوو سێ ڕۆژان بچووبامایەوە لای کەس و کارم. لە هەمووشی ناخۆشتر هیوا شەش ڕۆژ بوو گیرا کەس و کاریشی وایاندەزانی هێشتا نەگەیشتۆتەوە. بووە دە ڕۆژێك بە هۆی کەسێکی خێرومەندەوە خەبەر گەیشتەوە ماڵیان. باوك و دایك دوای چواردەساڵی ئاوارەیی و غەریبی کە بۆ تاقە جارێکیش نەیاندیتبوو، لە بەندیخانە پێشوازییان لە کوڕەکەیان کرد و لە ئامێزیان گرت. هەر چۆنێك بوو بە زووترین کات پارێزەرێکیان بۆی گرت و بە دەستەبەسەری ئازاد کرا هەتا ڕۆژی دادگایی کردن. بەوە باش بوو پاش چوار مانگ کە پەڕاوی گەیشتە دادگای تایبەتمەند دادوەرەکە ساڵێکی حوکم دا، بەڵام جێبەجێکردنەکەی بۆ ڕاگرت.

# ناکرێ منداڵ بکرێتە قوربانی ململانێی نێوانی ژن و مێرد



دادوەر : عەدنان حەسەن دەلۆ

منداڵ کە دیاری و نیعمەتێکی خوداییە و درێژە پێدەری ژیان و بوون و کەینونەی مرۆڤە، کەچی هەر ئەو منداڵە رەنگە بکەوێتە دۆخێکەوە کە لەرووی سۆز و ئینسانییەتەوە ببێتە مایەی بەزەیی پێهاتنەوە ئینجا لەگەڵ ئەوەی کە جاری وا هەیە ژن و مێرد، کە لە منداڵبوون وەزەحمەت دەکەون، دنیایەك مەشەقەت و دژواری ببینن، کۆڵێك پارە و پول خەرج بکەن هەر بۆ ئەوەی منداڵێکیان ببێ، کە منداڵیش دێتە سەر دنیا بێئاگا لەوەی رەنگە ناکۆکی نێوان دایك و باوکەکەی ببێتە هۆی سەر گەردان بوونی . ئەمە دۆخێکی ئینسانی هە ست بزوێنە و دەبێ رێگە لە حاڵتە بگیرێت . هەر لەبەر ئەوەشە (فقهاء)ی یاسا هەوڵیان داوە کە ئەو جۆرە منداڵانە لەم جۆرە حاڵەت و دۆخانە بپارێزن . جاری وا هەیە کاتێك ژن و مێرد دەکەونە نێو ناکۆکییەوە و ناکۆکییەکەیان دەکێشێتە سەر تەڵاق و لێکجیابوونەوە، منداڵەکەیان دەکەنە ئامرازی دژایەتی کردنی یەك . ئینجا یا ئەوەتا ژنەکە منداڵەکە زەوت دەکات و ناهێڵێ باوکەکە منداڵەکەیی ببینێ، یان بە پێچەوانەوە، کە ئەمەش رێك پێچەوانەی یاسایە . چونکە هەر دوولای ناکۆك دەبێ لەوە بگەن کە سیستمێك هەیە لە یاسادا پێیدەگوترێ سیستمی گشتی (النظام العام) واتە شتێك کە پێچەوانەی یاسا و رێسای گشتی بێت قەدەغەیە و رەتدەکرێتەوە .جا قەدەغە کردنی دایك یا باوك لە بینینی منداڵ لە لایەن هەر یەکێکیانەوە بێت، پێچەوانەی سیستمی گشتییە و یاسا رێگەی پێنادات . ژن و مێرد ئەگەر وازیشیان لە یەك هێنا بەڵام ناتوانن منداڵیان لە یەك قەدەغە و حەرام بکەن . ئەوە حاڵەتە رۆژانە لە دادگاکاندا دەبینرێت کە دایك هەبوە هەموو شتێکی کردووە هەر بۆ ئەوەی مێردەکەی کە تەڵاقی داوە، نەتوانێ منداڵەکەی ببینێت . راستە بەخشینی منداڵ بە یەکێکیان بە پێی تەمەن و بارودۆخ و کۆمەڵێك هۆکارەوەیە و منداڵ چەند بچووکیش بێت ئەوەندە دایك مافی لە باوەش گرتنی زیاتری هەیە، بەڵام جاری واش هەیە، منداڵ زۆریش بچووکە کەچی یاسا دایکەکە بێبەش دەکات لە دایەنی کردنی، ئەوەش دادگا خۆی هۆکارەکان بەپێی یاسا دیاریدەکات و هەڵدەسەنگێنی . جاری واش هەیە پیاو لە رقی ژنەکەی کە تەڵاقی داوە یا لە بێویژدانی و بێبەزەیی و کەمتەرخەمی خۆی، یا ژنێکی تری هێناوە بە هاندانی ئەو ژنە تازەیەی، ئامادە نییە بژێوی منداڵەکەی بدات . لێرەدا یاسا بەزۆرەملێ ئەو ئەرکە بە سەر ئەوە پیاوەدا دەسەپێنێ و ناچاری دەکات کە بژێوی منداڵەکەی بدات . هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە تا وەکو مافی ئەو منداڵە بپارێزرێ و، خودی منداڵەکەش لە هەر جەور و ستەمێکی دایك وباوکی بپارێزرێت چونکە منداڵ هەتا گەورە دەبێت ئەمانەتێکە بەسەر دایك و باوکییەوەیە، پێویستە هەقی ئەو ئەمانەتە بە جوانترین شێوە بدرێت و یاساش وەك رێکخەری پەیوەندییەکان و بەدیهێنەری داد وەدادپەروەری و پاراستنی مافەکان، ئەم ئەرکە دەخاتە ئەستۆی دایك و باوك ئەم مافانەی منداڵیش دەپارێزێت . بۆیە زۆر بەلامەوە گرنگە، کە دەزگاکانی راگەیاندن و پارەزەرانیش هەوڵبدەن ئەو هوشیارییە یاساییە لە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بڵاو بکەنەوە کە منداڵ ئەمانەتێکە لە ئەستۆی دایك و باوك، هەوڵنەدەن بیکەن بە سووتەمەنی ناکۆکییەکانیان و ستەمیان لێبکەن و لە مافەکانیان بێبەشیان بکەن . ئەوان دەتوانن لێکجیا ببنەوە و ژیانی تازەیان دەستپێبکەنەوە، بەڵام ناکرێ لە منداڵەکانیان جیاببنەوە، ئەوان بەشێکن لە جەستەی دایك و باوك، ئەدی لە خۆڕا نەوتراوە منداڵ جەرگی دایك و باوکییەتی.




بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com

# پیاوانێک هەن لەدەرەوە بەجۆرێک و لەماڵەوەش بەجۆرێکی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن


## ڕامانێک لەو پیاوانەی کە دووڕون



ئەندامانی خێزان بە تایبەتی هەردوو هاوسەر دەبێ هەمیشە لە خەمی پاراستنی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزانەکەیان بن، چونکە ئەم خەمخۆرییە دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ هێنانە کایەی خێزانێکی بەختەوەر و ئاسوودە . بەڵام ئەم مەسەلەیە بەهەردوو هاوسەر ئەنجام دەدرێت . لێرەدا مەبەستمان زیاتر لە ڕەفتاری : یەك ڕوویی وراستگۆیی و یەك جۆر مامەڵە کردن لە دەرەوەی ماڵ و لەناو ماڵ و هاوسەنگکردنی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هاوسەر بەتایبەتیش هەلسوکەوتی پیاو لەگەڵ ژنەکەی . بەو مانایەی لەخێزاندا پیاوان چۆن مامەڵە دەکەن لەدەرەوەی ماڵیشدا هەمان بۆچوون و ڕەفتاریان هەبێت،نەك بەپێچەوانەوە بن . چونگە هەندێ لە پیاوان، ڕەنگە ڕێژەشیان زۆر بن، لە ماڵەوە جۆرێ مامەڵە دەکەن و لە دەرەوەش جۆرێکی تر، ئینجا بۆ تاووتوێ کردنی ئەم تەوەرە بۆچونی چەند کەسێکمان وەرگرتووە:

لەمەڕ ئەم ڕەفتارە ناجۆرەی هەندێ لە پیاوان کە زۆر جار کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیشی لێدەکەوێتەوە (چاوان فەخرەددین)چالاکوان لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەڵێت: هەندێك لەپیاوان بەجۆرێك لەماڵەوە مامەڵەو ڕەفتار دەکەن کاتێك لەدەرەوە دەیانبینیت،سەرت سوڕدەمێنێت، بەدەست خۆت نییە لە خۆتەوە سەرت سووڕدەمێنی لەم دوو ڕوویيە و دەڵێی باشە ئەم پیاوانە چۆن دەتوانن ئەو جۆرە سیناریۆیانە لەدەرەوەی ماڵ دروستبکەن؟ بەتایبەت لەگەڵ ژنەکانیاندا، هەرگیز کاتێك دانانێن بۆگفتوگۆ کردن یاخود بۆ چوونە دەرەوە بەڵام ئامادەیی ئەوەیان تیایە بۆ کچێك زۆربەی کاتەکانیان تەرخان بکەن و تەنانەت پێکەوە بچنە ریستورانتێك نانێك بخۆن، بەڵام پیاوی وەها ئەگەر ژنەکەی داوای لێبکات سەد بڕوبیانو دەهێنێتەوە وپێیدەڵێت : کاتم نییە.

بەڵام بەپێچەوانەوەی (چاوان) مامۆستا (ڕزگار جلال)، پێیوایە، کە ژنانیش هەمان ڕەفتاریان هەیە، بەڵام بەجۆرێکی دیکە ئەو دەڵێ : زۆربەی کچ و ژنی



ئێمە کاتێك لەدەرەوە دەیان بینین نایان ناسیتەوە
ئەوەندە ماکیاژ وجوانکاری لەروخساریاندا دەکەن
و خۆیان دەرازێنـــەوە، لەبەرامبەردا لەماڵەوە بەو
شێوەیە نین،لەســـەر ئەم جوانکاری و ئارایشتگایە
چەندین ژن و پیاو کێشەیان بۆدروست بووە، بەڵام ئەگەر پیاوێك
لەدەرەوە سەرنجی ژنێك بدات یان بەجۆرێك باس لەجوانییەکانی ژنێك
بکات دەبێتە خاڵێك لەسەر ئەو پیاوە هەرای لەسەر دەقەومێنن، هەر
مەپرسە بە هیچ ناکوژێتەوە.

بەڵام پێدەچێ (ئاشتی عەبدوڵلا)ی نوسەر بەهەمان ریتمی (چاوان) پیاو زیاتر خەتابار بکات و دەڵێت: دەمێکە گوێبیســـتی ئەو پیاوانە بووین کە لەدەرەوە بـــاس لەئازادیەکانی ژنان دەکات و چەندین وتار و لێکۆڵینەوەیان نوســـیوە، لەناوخێزانەکەشـــیدا هەنگاوێك لەو قســـەنەیان نەبردۆتە پێشـــەوە، بیرکردنەوەکان جیاوازن، پیاو لەبەرئـــەوەی زیاتر دەچێتـــە دەرەوە و بەکارەکانی ماندوو دەبێت لەماڵەوە هەوڵ ئەدات پشـــو بدات بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەرکی خێزان لەهەموو لایەنەکانـــەوە، بۆیە ژن و منداڵەکانی بێزاردەبن لێی لەوەڵامی ئەم بێزاریەشدا پیاوان تورە دەبن و بەرووی منداڵ و ژنەکەیدا هەڵدەچێت.یان نووســـەرمان هەیە داوای ئازادی ژن دەکات و دەڵێت ئاساییە تا نیوەی شـــەو ژنان لەدەرەوە بن،بەڵام ژنەکەی لەکونجی ماڵدا زیندان کردووە و بۆی نییە بێتە دەرەوە.

**هۆکاری ئەم جۆرە رەفتارەی پیاوان چییە ؟**

رەنگـــە ئەو پیاوانەی کە ئەم جـــۆرە رەفتارەش دەکەن هۆکار و پاســـاوی خۆیان هەبن، زۆریان هۆکارەکـــەی دەگەڕێننەوە بۆ ژنەکانیان بەتایبەتیش پێیان وایە هۆکاری ئەم ئیزدواجیەتیان دەگەڕێتەوە بۆ کاردانەوەی ژنەکانیان لەماڵەوە، لەبەرئەوەی وەك پێویســـت گرنگیان پێنادەن و ئەوەی ئـــەوان دەیخوازن جێبەجێی ناکەن، بۆیە روودەکەنە کچان و ژنانی دیکە، یاخود حەز لەگۆڕانکاری و کرانەوەی ژن دەکەن .ز بەڵام هاوکات ژنانیش پێیانوایە پیاوان ئەم جۆرە بیرکردنەوانە و داخوازیانەیان بۆ ژنی خۆیان قبوڵ ناکەن بەڵام بۆ ئافرەتی دیکەی دەخوازن، ئەمە بۆچونی ( ئەســـتێرە صابر)ە ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا : لەدەرەوەی ماڵ پیاو حەزی لەهەموو شـــتێکە بەڵام لەماڵەوە قەدەغـــەی دەکات، ئەم دوو لایەنەی پیاوان بەرای من زیاتر لەو کەسانەدا رەنگی داوەتەوە کە پێشتر لەدەرەوەی وڵات ژیاون.

هـــەر لەم روانگـــەوە (شـــاناز ئـــاوات)، وەك دەروونناســـێك رای وایە کە : کۆمەڵگـــەی کـــوردی بەتایبەتی و رۆژهەڵات بەگشـــتی زۆرجار ئەو راســـتییە دەدرکێنـــن، کە هەمیشـــە چاویان بەدوای ئافرەت و کچی جوانـــی دەرەوەی ماڵەوەیە . هەرئەمەش دەبێتە هۆی تورەیی ژنەکانیان، و رێگەش نادەن ئەوان ئەو جلوبەرگ و پۆشـــاکانە بپۆشن. ئافرەتان لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە چەندین مۆدیل و تازەگەری لەجلوبەرگ و ماکیاژدا دەبینن و حەز دەکەن وەك ئەوان بن،بەڵام هاوسەرەکانیان رازی نابن و لەبەرامبەردا بۆ ئافرەتی دیکە بەلایانەوە پەسەند و دڵگیرە، بۆیە چەندین خوێندنەوەی جیاوازیان لەلادروست دەبێت.

هاوکات کچانیش لەکاتی پرۆســـەی هاوسەرگیریدا، ئەم بابەتە بەهەند وەردەگرن و دەیکەنە خاڵـــی گفتوگۆ کردن لەگـــەڵ بەرامبەردا، پێیانوایە ئـــەوەی لەدەرەوەی ماڵ قبوڵی بکات دەبێت بۆ خێزاکەشـــی بەو شـــێوەیە بێت،ئەگەرنا بەکەسێکی دڵ پیســـی لەقەڵەم ئەدەن، هەرچەندە، بینیومانە لەدوای هاوســـەرگیری ئەو راستییە دەرکەوتووە و بۆچونەکان پێچەوانە بوونەتەوە.

# زەماوەندی من و بڕیار چۆن ڕێکخرا



**خۆشەویستی وەك غەریزەیەكی مرۆڤ، لەبەرامبەر كەسانی نزیك و ئازیزدا بوونی هەیە، دەربڕینی خۆشەویستی لەكەسێكەوە بۆ یەكێكی تر جیاوازی هەیە، بۆ هەموو كەسێكیش دەرنابڕدرێت. خۆشەویستی نێوان دوو كەس لەسەر بنەمایەك دەبێت، لەنێوان كوڕ و كچدا بۆ پرۆسەی هاوسەرگیرییە، لەم پرۆسەدا كەسێك دەبێتە ڕێگر بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیریەكە، بەڵام بۆ خۆشەویستی هیچ كەس ناتوانێت پێشگیری لێبكات، ئەگەر ئەو دوو كەسە خۆشەویستییەكی پتەویان هەبێت لەدوای هەموو ناخۆشییەكاندا، دەرەنجامێكی باش بەویستی خۆیان دروست دەبێت.**

**دووركەوتنەوەی من و بڕیار**

دایكم كەسێكی زۆر دڵرەق بوو لەبەرامبەر خۆشەویستی من و بڕیاردا، هەركاتێك بیزانیایە بەتەلەفۆن قسەدەكەم ئەگەر ئەویش نەبوایە، تووڕە دەبوو. بڕیار هاوڕێی براكەم بوو، بۆچەند ساڵێك هاتووچۆیەكی زۆری دەكردین، لەمەوە خۆشەویستی و پێوەندیمان دروست بوو، تا ئەو كاتەی


ئا: ناسك سەعید

هاتــە داوام،ماڵەوەمــان بێئاگابوون لەو پێوەندیەمــان، ماڵــی باوکــم خەریکی نۆژەنکردنــەوەی خانوو بوون، بەم هۆیەوە بڕیــار لەگــەڵ براکانمــدا کاری دەکرد و ڕێکدەکــەوت کە بەشــەویش لەماڵمان دەمایەوە.

بەم شــێوەیە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە، بەڵام هەرگیز دایکم دانی خێری پیانەدەنا. هەرلەوکاتەدا بوو کە لەیەکێك لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن دامەزرام و بــووم بەکارمەند، پاش ماوەیەکی کەم لەوێ کەسێکم ناسی بەناوی هیوا، کــە خەڵکی ڕانیە بوو، تا بڵێیت کوڕێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام هیچ هەستێکم بۆی نەبوو، چونکە پێوەندیم لەگەڵ بڕیار هەبوو، ڕۆژانە هیوا بەهەر هۆیەك بوایــە دەهاتە ژوورەکەم و دەکەوتە قسەکردن، تا ڕۆژێك نهێنی خۆی درکاند و وتی دەمەوێت بێمە داوات، لەوێ بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك وتم ناتوانم ڕازی بم، بەڵام پێم نەوت کە لەگەڵ کەســێکی دیکە پێوەندیم هەیــە. ئەو ڕۆژە بێدەنگ بوو، بــۆ ڕۆژەکانی دیکە بەکەســێکی تــری هاوڕێمی وت بەهەمان شــێوە پێم ڕاگەیانــد ڕازی نابم. هیوا بێئومێد نەبوو لەوەڵامەکانی مــن، بەڵکو خۆی و دوو هاوڕێی هاتنە ماڵمــان، دایکم کە بینی و دواتر پرســیاریان کرد دەستبەجێ ڕازی بوون، دایکم زانــی پێم خۆش نییە، وتی دەبێت بڕیار لەبیر خــۆت بەریتەوە، هیوا کوڕێکی باشــە و خێزانێکی دەوڵەمەندن، دایکم وایدەزانی دەوڵەمەندی بەختەوەری و خۆشەویســتی دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بڕیار ماڵەوەیانی دەنارد، تا دەرئەنجام لەماڵماندا بوو بەناخۆشی و وتیان دەبێت شوو بەهیوا بکەیت.

منیش نەمدەزانی چــی بکەم، چەند جار وتم خۆم دەســووتێنم، دوایی پەشیمان دەبوومــەوە، بۆیــە بەناچــاری بڕیاری شوکردنم بەهیوا دا.

## بیستنی هەواڵی بڕیار

ئەو ڕۆژەی کە نیشــانەکردنی من بوو، بڕیاریش ڕۆیشت بۆ دەرەوەی وڵات، هیچ هەستم نەدەکرد کە ئەمڕۆ پێدەنێمە ژیانێکی خۆشــیەوە، بەپێچەوانەوە زۆر ناڕەحەت و غەمگین بووم، بۆئەم هاوسەرگیریە بڕیار کە زانی هیچ چارم نەماوە خۆی پێی وتم دەبێت شوو بەهیوا بکەیت و منیش دەڕۆم بۆ دەرەوەی وڵات.

هەموو مەراســیمی هاوســەرگیری تەواوبوو، هیچ هەواڵێکی بڕیارم نەدەزانی، هەرئەوکاتــەی گواســترامەوە هیوا وتی دەبێــت واز لــەکاری ڕاگەیاندن بهێنیت، لەدوای چەندین شەڕ و ئاژاوە دواتر ڕازی بووم کە واز لەراگەیاندن بهێنم.

ڕاســتە بەجەســتە لەلای هیوا بووم، بەڵام بــە ڕوح هەرلای بڕیاربووم، چونکە بێئەندازە بڕیارم خۆشدەویست، دوای سێ ســاڵ لەرۆیشتنی بڕیار، هیچ هەواڵێکی بڕیــارم نەدەزانی، بڕیاریش تەلەفۆنی بۆ نەدەکــردم، تا ڕۆژێك براکــەم تەلەفۆنی بۆ کــردم و پێم وت توخوا بەراســت پێم بڵێ هیچ هەواڵی بڕیار دەزانی؟ لەپێشدا وتی نازانم، دوایی زۆرم لێکرد وتی بەڵێ دەزانم و چەند جار تەلەفۆنی بۆ کردووم. بەتکایەکی زۆر تا ژمارەی مۆبایلەکەی دامێ و دەســتبەجێ تەلەفۆنم بۆ کرد، کــە وەڵامی دامەوە پێی وتم تەلەفۆنم بۆ مەکە با هاوســەرەکەت نەزانێت و کێشەت بۆ دروست نەبێت.

ئیتر لــەو ڕۆژەوە پێوەندیم بەبڕیارەوە دەکرد، وام لێهات تەواو هیوام پشتگوێ خست، لەســەر ئەم مەســەلەیە لای دایکم شــکاتی لێکــردم، بەڵام هیچ گوێــم پێنەدا. بەبڕیــارم وت ئەگەر داوای جیابوونــەوە بکــەم، دەتوانی بێیتەوە بۆ کوردستان و داوام بکەیت، وتی ئەگەر تۆ ئــەوە بکەیت، ئەی چۆن نایەمەوە، بەڵام هەرگیز کاری وامەکە لەوانەیە هاوسەرەکەت بزانێت و بتکوژێت کە تائێستا پێوەندیت بەمنەوە هەیە، چونکە هیوا نەیدەزانی بۆچی پشتگوێم خستووە، هەروا هەستی دەکرد کە بێتاقەتم. بۆ ئەمە بەرنامەم دانا و هەر ڕۆژەی بیانویەکم بەهیوا دەگرت، ئەویش لەبەرئەوەی زۆری خۆشدەویستم هەمووی جێبەجێ دەکرد، تا ڕۆژێك درکاندم و وتم تۆم خۆش ناوێت دەمەوێت جیاببینەوە.

## جیابوونەوەی من و هیوا

هیــوا زۆری پێناخــۆش بــوو، بەڵام کوڕێکی زیرەك بوو هەرزوو زانی پێوەندیم دروســت کردۆتەوە، بۆیە پێی وتم منیش ڕازیم جیاببینەوە، ئەمە دواقســەی من و هیوا بــوو. هەر ئــەو ڕۆژە بەبڕیارم وت و ئەویش لای خۆیــەوە کاری هاتنەوەی ڕێکخســت، ڕاســتە بۆماوەی سێ ساڵ لای هیوا بووم، بەڵام بەدزی هیواوە شتم بەکاردەهێنــا بۆئەوەی منداڵمــان نەبێت. مەسەلەی جیابوونەوەمان دوای شەڕێکی زۆر لەگەڵ دایکــم کۆتاییم پێهێنا، پاش ماوەیەك بڕیار لەدەرەوەی وڵات گەڕایەوە، لەگــەڵ هاتنەوەی هاتە داوام، ماڵەوەمان جگە لەدایکــم ڕازی بــوون، هەرچەند براکــەم زوو ئەمەی دەزانــی، بۆیە ئێمە هاوســەرگیری خۆمــان ئەنجامــدا و دوای هەشــت مانگ بڕیــار کارەکانی بۆ تەواو کــردم و چووینە دەرەوەی وڵات.



# پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بووک و خەسوو چۆنە؟



ئا: ناسك سەعید

دروستکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێناچێت بەویستی خۆمان بێت، بەڵکو بەدەر لەهەموو حاڵەتە خوازراوەکان ئەوەی دێتە پێشمان کە ناچارین ئەو پێوەندیانە دروست بکەین، بۆ نموونە پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بووك و خەسوو، کە ئەم پێوەندییە تاچەند هەوڵدراوە چوارچێوەیەکی ئاسایی وەربگرێت؟ دەبینین خەسوو بەجۆرێکی جیاواز سەیری بووك دەکات لەکاتێکدا ئەگەر بەولایەنەدا سەیری بکەین، بووك هۆکارێکە بۆ دروستکردن و برەودانی ماڵی کوڕەکەی، بەڵام لەدیوەکەی دیکەوە سەیری دەکات و پێیوایەم کوڕەکەی لێ زەوت دەکات، هەرچەندە ئەم پێوەندیە لەئێستادا رەنگێکی تری وەرگرتووە، بۆ روونتر قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرە بۆچوونی چەند کەسێکمان وەرگرتووە:

نازانم بۆ هێشتا کە کچین ترسمان لەخەسوو هەیەو وەك کەسێکی خۆشەویست نایەتە بەرچاومان و لەهەر زووەوە رازی نین بەوەی لەگەڵیدا بژین، ئەمە بۆچوونی (چراخان جوامێر)ی چالاك لەبواری رێکخراوی مەدەنیدا دەڵێت: ئەم بۆچوونە هی پێشینەی دایك و خوشکی گەورەمانە بۆمان ماوەتەوە کە بینیومانە ئەوان چەندە گیرۆدەبوون بەدەست کارەکانی خەسووەوە تائێستاش لەزهنیاندا ماوەتەوە، پێدەچێت خۆشیان بەدەر نەبووبێتن لەو رق و ناخۆشیەی کەلەنێوانیاندا دروست بووە، بەڵام هەر قسەکانی خەسوو بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

بەشێك لەقسەکانی (چراخان) لەلایەن (گۆران ئەحمەد)ی مامۆستای ناوەندییەوە پشتگیری لێدەکرێت و باس لەوەدە کات: کە لەخێزانی خۆیاندا ئەوەندەی گلەیی لەبراژنەکانی دەکات کەمتر گلەیی لەدایکی دەکات، پێیوایە ئەگەرچی بووك قسە بکات و هەڵەش بێت، بەڵام لەلایەن هاوسەرەکانیان پشتگیری دەکرێن و قسەکانیان بەهەند وەردەگیرێت و لەبەرامبەردا دایك بەگوناهبار دەزانرێت، لێرەدا ئەوەندەی گوێ لەژنەکانیان دەگیرێت گوێ لەقسەی دایکیان ناگرن ئەگەر لەوپەڕی راستیشدابێت. راموایە پەسەند نەکردنی ئەو دوو کەسە جۆرێك لەئیرەیی بردنی تێدایە، خەسوو لەبەرئەوەی لەتەمەنی خۆیدا لەوانەیە ژیانی بەو شێوەیە نەبووبێت، یاخود بووك وابیردەکاتەوە کە خەسوو دەبێت وەك دایکی نازی بکێشێت، بێگومان ئەمەش زۆر بەدەگمەن روودەدات، لەئاکامدا لێیان دەبێتە ناخۆشی.

فەخریە صالح چالاك لەبواری ئافرەتان، رای وایە کە لەئێستادا هەرچۆن پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گۆڕاون، پێوەندی نێوان بووك و خەسووش گۆڕاوە، خەسوو هەیە ئەوەندەی لەگەڵ بووکەکەی رێکە لەگەڵ کوڕەکەی وانییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەتێپەڕبوونی کات نەوەی داهاتوو کاتێك دەبێت بەخەسوو لەتەمەنێکی گەنجتردایەو دەیەوێت ئەوەی لەگەڵ خۆیدا کراوە لەگەڵ بووکەیدا نەیکات، لەلایەکی دیکەوە لەئەمرۆدا بیرکردنەوەی کچ جیاوازترە بەهەمان شێوە دەیەوێت ئەو پێوەندیە پتەوتر بکات و نزیکتر بێت لەماڵە خەزورانی، ئەگەرچی لەبەر بەرژەوەندی خۆیدا بێت، کاتێك خەسوو بیردەکاتەوە بەهەموو شێوەیەك بووکەکەی هاوکاری ماددی و مەعنەوی کوڕەکەی دەکات ئەمیش هەوڵ دەدات لایەنگری بکات، ئەمەش بۆ سوودی هەردوولا دەگەڕێتەوە.

کاتێك بپرسین ئایا پێوەندی بووك و خەسوو لەپێشدا لەچ ئاستێکدابووە؟ ئەگەر ئەم پرسیارە ئاراستەی ژنێك بکەین کە خاوەنی چەند بووکێك بێت لەوەڵامدا تانەو تەشەر هەرلە بووکەکانی دەدات، هەروەك( رەعنا خان) دەڵێت: هەرگیز خەسووم نەیهێشتووە ئاگاداری بچووکترین نهێنی ئەو ماڵە بم، بەجیا هەموو شتێکی بەکوڕەکەی دەوت و بەمنی نەدەوت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە ئێمە ژن بەژنمان پێکرابوو، بەویستی خەسووم بوایە هەموو شتێکی باش بۆ کچەکەی بکرایە، بەڵام بۆ من نەکرایە، زۆرجار منیش تووشی ئەو حاڵەتە دەبمەوە، بەڵام هەوڵ دەدەم وانەبم، ئەگەر بووکەکانم باش بن لەگەڵمدا و خراپەیەك بکەن چاوم هەر خراپەکە دەبینێت، خۆشم نازانم بۆچی ئێمەی ژنان بەو جۆرەین؟

دەروونناس (هیوا نەجات) باس لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دەکات کە تاچەند کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی هەیە، دەبینین ئەگەر پێوەندی بووك و خەسوو لەئاستێکی باشدا نەبێت هەمیشە هەوڵ دەدات ئاگاداری پێوەندی نێوان هاوسەر و خەسووی بێت و ترسی هەیە لەوەی نەوەك رۆژێك لەدژی ئەم قسەیەکی هەبێت، بەهەمان شێوە خەسووش ئەو ترسەی هەیە نەوەك بووکەی کوڕەکەی لێبکات و پێوەندی لەگەڵیدا بپچڕێنێت، هەرچەندە لەئێستادا شێوەیەکی تری وەرگرتووە بەهۆی ئەوەی بووك توانیویەتی سەرچاوەیەکی ئابووری بێت و هاوکات هاوکاری کوڕ و ماڵی خەزووری بکات، زۆرجار خراپی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەخەسوو دەردەچێت و لەگەڵ دشیدا(دژ) یدا دروستی دەبێت. بەهۆی باشی ئاستی ئابووری و پێکەوەنانی ماڵێکی جیاواز، و دووری لەماڵی خەسوو لەئێستادا ئەو ناکۆکی و ناخۆشیەی پێشتر هەبووە، بەرەو نەمان و لاوازبوون دەچێت.



# رووخساری جوان و بوونی پارە خۆشبەختی دروستدەکات؟

**جوانی و دەوڵەمەندی زۆرجار بوونەتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ هاوسەرگیریی، چونکە زۆرێك لەکچان ئاواتەخوازن کوڕان ئەم دوو خاڵەیان تێدا هەبێت، ئەگەر ئەو دوو داواکارییەیان بۆنەهێننەجێ، ئەوا بە نەخێر وەڵامیان دەدەنەوە. ئەو جۆرە کچانە پێیانوایە کە خۆشبەختی لەپارە و رووخساری جواندایە. لێرەوە دەکرێت بپرسین بۆچی کچان هەمیشە بەدوای کوڕێکدا دەگەڕێن کە یەکێك لەو دوو داواکارییەیان تێدابێت و گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری نادەن؟ ئایا کوڕانیش بەهەمان شێوە بیردەکەنەوە؟ لەم ئانەدا تاچەند هەردوو رەگەز توانیویانە لەو هەڵبژاردنەیاندا خۆشبەختی دەستەبەربکەن؟ بۆ وەرگرتنی بۆچونی هەردوو رەگەز، لەسەر ئەم تەوەرە ئەم راپۆرتەمان سازکرد...**

(گەشاو عباس) وەك قوتابییەکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، جۆری بیرکردنەوەی کچانی نێو زانکۆمان بۆ بەیان بکات و لە پێوەند بەم باسەوە دەڵێت: لەناو زانکۆدا ئەوەی گرنگە لای کچان ئەوەیە دەبێت ئەو کوڕەی وەك( دۆستێك ـ کەپڵێك) هەڵیدەبژێرێت، لەرووخساردا جوان و سەرنجڕاکێش بێت و لەباری ئابووریشدا خاوەن ئابوورییەکی بەرز بێت، ئەمەش بۆ هەموو کەس رێناکەوێت، بەڵام کوڕانیش ئەوە بەهەند وەردەگرن کە کچان جوان و دیار بن، نموونەی ئەو کەسانە لەدوای هاوسەرگیریەکەدا دەرکەوتووە کە تاچەند لێکتێگەیشتن و خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەیە و توانیویانە ببنە نموونەی خێزانی بەختەوەر.

لەبەرامبەر بۆچوونەکەی (گەشاو) دا، (کاردۆ عومەر)یش وەك قوتابی زانکۆ، باس لەوە دەکات کە: لەزانکۆ و پەیمانگاکاندا، کچان زۆر گرنگی بەکوڕی جوان و بەتایبەت خاوەن سەروەت و سامان دەدەن، هەمیشە ئەو کوڕانە زیاتر لەلایەن کچانەوە هاوڕێیەتی دەکرێن، هەرچەندە کوڕانیش ئەوە دەزانن کە کچان لەبەر جوانی یاخود دەوڵەمەندییە خۆیان لێنزیك دەکەنەوە، گرنگی بەکوڕێك نادەن کە رۆشنبیر یاخود زیرەك بێت، بەڵام لەبەرئەوەی کچ زیاتر سەرنجراکێشترە تا کوڕ، بۆیە زۆرجار ئەو کوڕانەی کە جوانن بەهەمان شێوە بەدوای کچی جواندا دەگەڕێن و پەسەندیان دەکەن.

بۆچوونەکان چ هی کچان بێ و چ کوڕانیش بێ لەمەڕ ئەم پرسە جیاوازن، هەر بۆیە (ژینۆ والی) پێچەوانەی هەردوو قوتابی (گەشاو و کاردۆ ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: مەرج نییە هەموو کچێك گرنگی بەجوانی و دەوڵەمەندی کوڕ بدات، بەپێچەوانەوە هەندێك کچ بیرکردنەوەیان جیاوازە و خۆشەویستی و بوونی متمانە لەنێوانیاندا خاڵێکی جەوهەرییە و پشتی پێدەبەستن، لەسەرەتای هاوسەرگیریدا کچان وەك نەریتێك داوای ئاڵتون و ماڵی جیا دەکەن، بەڵام هاوکات داوای ئەوەیان لێدەکەن کە دڵپیس و رەزیل نەبن، کەواتە ئەوە دەزانن کە خۆشبەختی لەرووخسارو پارەدانییە و تەنانەت بەشێوەیەکی رەها ناتوانێت دروستشیان بکات.

دەڵێن کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە، ئەم پەندە (شۆخان عەبدوڵڵا )بۆ پاڵپشتی قسەکانی خۆی دەیهێنێتەوە و پێیوایە: ئەو خێزانانەی دەوڵەمەندن زیاتر خۆشبەخترن لەخێزانە هەژارەکان، چونکە بەدەست نەبوونیەوە گیرۆدە نەبوون و گرفتەکانی ژیان نارەحەتیان ناکات، بەڵام خێزانە هەژارەکان زۆرجار لەبەر گرفت و ناخۆشییەکان بیر لەژیانی خۆیان ناکەنەوە، تەنانەت بەویستی خۆیان خواردن ناخۆن و پۆشاکی جوان ناکڕن، بۆیە کچانیش هەوڵ دەدەن شوو بەکوڕی دەوڵەمەند بکەن، ئینجا ئەگەر جوانیش بێت باشترە. زۆرێك لەکچی جوان دەبینین شووی بەکەسێك کردووە کە وەك خۆی نییە و هاوکوفی ئەو نییە، بەڵام لەبەرئەوەی سەروەت و سامانی هەیە، قبوڵی دەکات.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە لەئێستادا لەهاوسەرگیریدا وەك مۆدێلێکی لێهاتووە کە دەبێت لانی کەم کوڕان ماڵێکی باش و ئاڵتونێکی زۆر بۆ کچان بکەن، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە ئەگەر توانای دارایی باش نەبێت چۆن دەتوانێت لەدواییدا ژیانێکی ئاسوودە فەراهەم بکات، لەگەڵ ئەمانەشدا مەرج نییە هەموو کچێك بەوشێوەیە بێت، بەڵکو گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری و ئاکاری کوڕەکە دەدات و هەوڵدەدات لەکاتی پێکەوەنانی خێزانەکەیاندا هاوکارێکی باش بێت، چونکە تێدەگات لەوەی کە لەدواییدا ئەوە خۆیان تووشی کێشەی دارایی دەبنەوە و ناتوانن بەئاسوودەیی بژین.

ئەم بیرکردنەوانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە لایەنی رەوشت و ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری بکرێتە پێوەر بۆ هاوسەرگیری، نەك لایەنی ماددە و رووخسار، چونکە بەتێپەڕبوونی کات جوانی رووخسار بەرەو گۆڕان و شێوان و تێکچوون دەچێت و پێدەچێت سەروەت و سامانیش بەردەوام نەبێت، ئەوەی دەمێنێتەوە خۆشەویستی و راستگۆیی و جوانییەکانی دیکەی ژیانی نێوان ئەو دوو کەسەیە، بۆیە گرنگەبەبیرکردنەوەیەکەی دیکە لەم مەسەلەیە بڕوانین و بیر لەداهاتوو بکەینەوە.



گۆڕانــکاری لەژیانــی تاك و کۆمەڵگەدا ئاماژەیــە بۆ زیندویێتی مرۆڤەکان لــەرووی دەروونەوە، گۆڕانکاری لەو کەلوپەلانەی لەناو ماڵ و دەزگا گشــتییەکاندا دەکرێت، دەبنە هۆی دروســتکردنی کەشــوهەوایەکی لەبار بۆ ژیان و گوزەرانی ئەو کەســانە، لەمیانەی گۆڕانکاریدا ئەوە دێتە پێش کە زیادەڕەویی و چاولێکەری بێتە بوون تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە زیان بەلایەنی ماددی بگەیەنێت، ئەگەر

# گۆڕینی کەلوپەلی ناوماڵ، مۆدێله یان چاولێکەرییه

چنور حەمەرەزا، کارمەندی بانکی وەرکا، بــاس لــەو خەرجیــە زۆرانە دەکات کــە ژنان دەیخەنە ئەســتۆی هاوسەرەکانیان، لەکاتێکدا ئەوە دەزانن کە داهات و مووچەکەی چەندە، گۆڕینی کەلوپــەل تا ئەو ئەندازەیــە گرنگە و پێویستە ئەگەر لەکارکەوتوویێت یاخود پێویســتیەکی زۆرت پێــی هەبێــت، لەئێستادا لەپێویستی چۆتە دەرەوە وەك مۆدیلێکــی لێهاتــووە، هەموو تاکێك حەزی لەگۆڕانــکاری و تازەگەریە، بــەڵام بــەو ئەنــدازەی کاریگەری لەســەر چۆنیەتی ژیان و بەڕێوەبردنی خەرجیەکانی خێزان نەبێت.

بۆ پشتڕاســتکردنەوەی قســەکانی چنور(پەرژیــن عەلــی عومەر) وەك فەرمانبەری خانــەی وەرگێڕان، باس لەوە دەکات: کە گۆڕینی کەلوپەل وەك چاولێکەری لێهاتــووە، ژنێك دەبینێت ماڵی هاوڕێیەکی یان کەسێکی نزیکی لەوپــەڕی مۆدێرنــی و جوانیدایە و ماڵەکەی خۆی بەو چەشــنە نابینێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنەکە ئەگەر بەقەرز و قیستیش بێت ماڵەکەی هاوچەشنی ئەوان لێبکات، هەرچەندە ئەمــەش بۆ هەموو کەس ناگونجێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو گرفت لەناو خێزاندا، چونکــە ئەگەر ژنەکە خــاوەن ئابوورییەك نەبێت هاوســەرەکەی بەتەنیا ناتوانێت ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

شێرزاد بابەکر، مامۆستای سەرەتایی باس لەگۆڕینی کەلوپەلی ماڵ دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو ژنێك بەو چەشنە نییە، بەڵکو پیاویش حەزی لەگۆڕینی مۆدیلی ماڵەکەی هەیە و دەڵێت: خۆم حــەز بەکڕینی کەلوپەلی ماڵ دەکــەم و ژنەکەم حەزی پێناکات و زۆرجار ناڕازیشە لەکڕین و گۆڕینی کەلوپەلەکاندا،

سر و و شــتی

مــر ۆ ڤ

پێو یســتی


بەگۆڕانــکاری

هەیــە تەنانــەت ئەگەر

شــتێکی



**خاوەن ئاستێكی ئابووری باش نەبێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە تاكەكان دەخوازن بەشێوازی مۆدێرن كەلوپەل و پۆشاكیان بپۆشن، ئایا ئەمە لەگەڵ مۆدێرنەدا یەك دەگرێتەوە یاخود ئەوەتا دەیانەوێت وەك جۆرێك لەخۆ دەرخستن ئەوە بنوێنن كە خاوەن ماڵێكی مۆدێرنن، بۆ زیاتر وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارگەلانەی دروست دەبن، چەندین وەڵامی جیاوازمان لەلایەن كەسانی جوداوە دەست دەكەوێت:**



سادەش بێت ئەو كاریگەریەی دەبێت.

لەئێستادا دەبینین كە وەك مۆدیلێك لەماڵەكاندا كەلوپەلەكان بەرلەوەی لەكاربكەون دەگۆڕدرێن، بێگومان ئەمەش لەرووی داراییەوە خەرجیەكی زۆری دەوێت، هەرچەندە تەنیا بەمۆدێلكردنی كەلوپەلی ماڵی نەگرتۆتەوە، بەڵكو گەیشتۆتە ئاستی خانوو و ئۆتۆمبێلەكان، هەروەك عومەر رەشید وەك پسپۆریەكی ئابووری دەڵێت: گۆڕینی خانوو و ئۆتۆمبێلەكان زۆرترین داهات و خەرجی دەوێت، داهاتی تاكەكان لەئێستادا لەئاستێكی ئەوەندە بەرزدا نییە كە بەئاسانی بگۆڕدرێن، بەڵام هۆكار و رێگەی دیكە دۆزراوەتەوە بۆ ئەو مەبەستانە، وەك شێوازی قیست، كاتێك خانوو و ئۆتۆمبێلەكان بەقیست كران، ئەوا كەلوپەلەكانی دیكە زۆر ئاسایی دەبنەوە، بەڵام دەبێت خێزان بەگشتی ئەوە لەبەرچاو بگرێت كەدەبێت ئەوەندە كەلوپەل بگۆڕێت یان بیكڕێت كە كاریگەری لەسەر داهات و خەرجی ئەو خێزانە نەبێت، پاشەكەوتی پارە بۆ شتی دیكە سوودی لێ وەربگرن نەك بۆ بەمۆدیلكردنی ماڵەكەی، چونكە هەمیشە مۆدێلەكان دەگۆڕێن. ئەگەر بەو چەشنە بێت دەبێت بەردەوام سەرقاڵی گۆڕینی كەلوپەل بین و شتە گرنگەكانی دیكەی ژیانمان لەبیر دەچێتەوە.

هاوراز صۆفی، توێژەری كۆمەڵایەتی ئەوە روون دەكاتەوە، ئەوەندەی وەك چاولێكەری لێهاتووە، ئەوەندە وەك لایەنی دەروونی سەیر نەكراوە، ژنێك ماڵی خۆی بەراورد بەماڵە دراوسێ و هاورێكانی دەكات، ئەگەر لەرووە دەروونیەكەوە سەیری بكەیت ئەگەر بەشوێنگۆڕكێی كەلوپەل بێت لەماڵدا، دەتوانرێت ئەو گۆڕانكاریە بكرێت، بەڵام هێشتا كەلوپەلێك لەكارنەكەوتووە یاخود كۆن نەبووە، دەگۆڕدرێت. تەنیا دەیگەرێنمەوە بۆ لاساییكردنەوە و چاولێكەری، ژن هەیە بەردەوام بەدوای كەناڵی تەلەفزیۆنەوەیە تا بزانێت چ مۆدێلێك هاتووە تا جێبەجێی بكات، بەڵام هەوڵ نادات كەمێك بەدوای زانست و بەرۆشنبیركردنی خۆیەوە بێت.

بەردەوام گۆڕینی ماڵ و پۆشاك و خانوو و ئۆتۆمبێل ئاماژە نییە بۆ رۆشنبیر بوون و لێهاتوویی ئەو كەسە، بەڵكو بۆ ئەوەیە كە كەسانی دەوروبەر پێی بڵێن فلان كەس، كەسێكە لەسەر مۆدیل دەڕوات، ئەگەر هەركەسێك بەو چەشنە بیربكاتەوە زیان بەلایەنی ئابووری خۆی و خێزانەكەی دەگەیەنێت.



# ئامادەگی ژن، چەندایەتی.. چۆنایەتی



ڤینۆس فایەق

زۆر قسە لەوە دەکرێت گوایا ئامادەگی ژن لە زۆر بواردا زۆر کەمە یان کرچ و کاڵە، وەك بوارەکانی خزمەتگوزاری و بەتایبەت بوارەکانی بازنەی بڕیاری سیاسی. هەڵبەتە بۆ ئەم حاڵەتە خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەیە، کە دەبێت زۆر چەمك و حاڵەتی تر لەبەرچاو بگرین.

ئەشێ پرسیارەکە ئەوە بێت: ئایا بۆچی هەمیشە ئەو هەستەمان هەیە کەوا ئامادەگی و قورسایی ژن لەو بوارانەدا لە ئاستی تموح و خەونماندا نییە؟ لێرەشدا دەبێت بپرسین، تموح و خەونەکانمان چین؟ ئەو ئاستەش چییە کە دەبێت ژن بیگاتێ؟ گرنگیشە بزانین ژن چۆن و لە کوێوە خەرقی ئەو بوارە دەکات کە توانا و بەهرەکانی خۆی تیا دەبینێتەوە؟

بێگومان بۆ قسەکردن لە پرسێکی فرە رەهەندی لەمجۆرە هەروا بەتەنها لە گۆشەی قسەکردن لە خودی ژن و ئامادەگی ناکرێت، چونکە ئەمە پەیوەست و گرێدراوی زۆر چەمکی ترە وەکو چەمکی ئازادییەکان، چەمکی کرانەوە و قەبوڵکردنی ئەوی دیکە بە جیاوازییەکانییەوە. هەروەها چەمکی بوێری و بڕیاردان. چونکە ئێستا کێشەکە بەتەنها لە کەمی ژمارەی ژندا نییە لەو بوارانەدا، هەروەك مەسەلەکە لە ویستی ژندا نیە کە رۆڵێك لەو بوارانەدا بگێڕێت.

بەو پێیەی دۆخی جیهانگیری دەبێت ئاسۆی بیرکردنەوەی ئادەمیزادەکانی فراوانتر کردبێت، دەبێت بە زۆری پێناسەکاندا تێپەڕیبێت و گۆڕیبنی، گرنگترین پرسیش کە پریشکی دۆخی جیهانگیری بەرکەوتووە، چەمکی ئازادی و یەکسانی ژنە لە کۆمەڵگادا، کەمەبەست لەم دێڕە ئەوەیە چەندە ژن چاوەڕێ دەکات تێڕوانینی رەگەزی بەرانبەر و کۆمەڵگا لەمەڕ ئازادییەکانی گۆڕانکاری بەسەردابێت، دەبێت بەهەمان شێوە خۆشی لە رووی دەروونی و عەقڵی و ئەخلاقی و مەعریفییەوە ئەو زەمینەیە بدۆزێتەوە کەلەسەری ئەوەستێت و بەهرە و تواناکانی خۆی پێ ئەخاتە خزمەت کۆمەڵگاوە.

بۆیە قسەکە لەوە نیە چەند ژن کاری سیاسی و حزبی دەکەن، یان چەند ژن پۆستی حکومیان بەدەستەوەیە، چونکە چاوخشاندنێك بەسە بۆ ئەوەی ببینین ئێستاکە چەند ژنی چالاکوانی بواری حزبی و سیاسی لە زیادبووندایە، هەروەك بەبەراورد لەگەڵ دوێنێمان و تەنانەت بەبەراورد لەگەڵ ئەزمونی هەنووکەی دراوسێکانی کوردستان دەبینین ژمارەی ژن لە زۆربەی زۆری بوارەکاندا لە کوردستانی ئازاددا زۆر زیادیکردووە.

ئەشێ پرسیاری جەوهەری ئەوەبێت، ئایا ئەو کۆمەڵگایەی کە هەتا ئێستا لە مەنزورێکی پیاوانەوە خۆی پێناسە ئەکاتەوە هەر بەو نەفەسەش هەموو چەمکەکان پێناسە ئەکاتەوە، ئایا تا چ رادەیەك توانیویەتی ئەو بیرکردنەوە سواوە نەریتیە تێپەڕێنێت و ئەمەی قەبووڵە؟ ئایا تا چ رادەیەك رووبەرێك هەیە بۆ چالاکبوون و بەتایبەت بۆ بڕیاردان ژن تیا رێگە پێدراوە؟ تا چ سنورێك ژنێکی چالاك دەنگی بیسراوەو ئامادەگی قورسایی هەیە؟

وەڵامی ئەم چەند پرسیارە ئەگەر هەمەلایەنە نەبێت، بێگومان دوولایەنەیە، کەمەبەستێك جەوهەری لەپشتەوەیە ئەویش ملکەچکردنی ئەوی دیکە بە باوەڕبوونی بە تواناکانم وەکوو ژن، بۆیە باوەڕی قووڵم هەیە کەوا مومکین نییە لە ژێر سێبەری هیچ پیاوێکەوە ژنێکی بەهرەمەند بێتە دەرێ. هێندەش ژن پێویستی بەوەیە لە سێبەربوونی پیاو قوتاربێت، پیاویش دەبێت لە کۆیلەبوونی خۆی بۆ بیرکردنەوە یەك رەهەندی و یەك رەگەزییەکەی رزگاری بێت.

ئەمە پرسێکە بە توندی ئەمانبەستێتەوە بە یاساکانی مافی مرۆڤەوە، کە باس لە یەکسانی و ئازادی چالاکبوون و رادەربڕین و بەشداری راستەقینەی ژن دەکات لە بازنەکانی بڕیاری سیاسی، کەدەبێت بەهوشیارییەوە و لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین. هەڵبەتە لەو میانەیەشدا بە جەختەوە تیشك دەخەمە سەر بازنەی (بڕیار)ی سیاسی، چونکە مەرج نییە هەموو ئەوانەی پۆستێکی خزمەتگوزاری حکومی و سیاسیان هەبێت بڕیاردەربن. هەروەك مەرجیش نییە بۆ ئەوەی بڕیاردەر بیت و پۆستێکی بەرز هەبێت، رەنگە بڕیارە وردەکانی بنەوە زۆر کاریگەرتر لە بڕیارەکانی سەرەوەو ببنە زەمینە بۆیان.

ئەمانە ئەو فاکتەرانەن ئەو هەستەمان پێدەبەخشێ کە ژن لە گشت بوارەکانی کۆمەڵگادا کەمە، چونکە ئەگەر قسە لە ژمارەیە ژن زۆر زۆرە، ئەگەر قسەش لە چۆنایەتیە ئەوە باسەکە تەواو جیاوازە.

# دڵپیسی نێو هاوسەرەکان بەلایەکە بۆخۆی

**یەکێك لەخاڵە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئاژاوەی ژن و مێرد کێشەی دڵ پیسییە، جگە لەوەش مەرجێکی زۆر سەرەکی ئافرەتان لەکاتی بڕیاری هاوسەریدا جەختی لەسەر دەکەنەوە. کە ئایا ئەو کەسەی شووی پێدەکەن دڵپیس نەبێت. هەرلەبەرئەوەیە کە زۆر بەوردی و لەرێگەی کەسە نزیکەکانی پیاوەکەوە لێیدەپرسرێتەوە. بۆیە ئەوەندەی ئەم لایەنە گرنگە ئەوەندە مارەیی بەلای کچانەوە گرنگ نییە.**

**گوڵزار ئەنوەر خاوەنی هاوسەرە و دەڵێت:** پێش ئەوەی بڕیاری دروستکردنی ژیانی هاوسەری بدەم، زۆر دەترسام کە ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەرم، دڵی پیس بێت لێم. ئەگەر چیی ئێستاش زۆرجار لەهەندێك شوێن و سەردانی تایبەتیدا لەگەڵ هاوسەرەکەم تووشی ئەو حاڵەتە دەبم، بۆ نموونە ئەگەر گاڵتەیەکی زۆر بکەم لە میوانداری دواتر نەوچەوان دەدات بەیەکدا و دەڵێت پێم خۆش نییە ئەوەندە گاڵتە دەکەیت لەگەڵ ئەم و ئەو. هاوسەرەکەم پێیوایە کە ئەگەر برای خۆشی بێت من زۆر گاڵتەی لەگەڵ نەکەم. بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی هاوسەرەکەمەوە زۆرم حەز لە گاڵتە کردنە، بۆیە زۆرجار کە پێشی دەڵێم تۆ دڵت پیسە پێی ناخۆش دەبێت و دەڵێت دڵم پیس نییە. زۆرجار حاڵەتەکانی دڵپیسی جۆرێك هەڵە لەیەك تێگەیشتنە، یاخود خودی پیاوان بۆخۆیان هۆکاری دروستکردنی ئەو هەڵەیەن، ئەم هەڵە لەیەك تێگەیشتنە هەمیشە لەناو گومان و دڵەڕاوکێی رووداوەکانی دۆڕاندنی شەرەف و ئەخلاقیاتی خێزانیە، هەر ئەم وێنەیە وا لەبەرامبەر دەکات ئەو دڵپیسیە درێژە پێبدات.

**شەهلا قادر تەمەنی ٢٢ساڵەو ماوەی ساڵێکە لە ژیانی هاوسەریدایەو دەڵێت:** لەماوەی ئەم ساڵەدا تووشی چەندین حاڵەتی دڵپیسی بوومەتەوە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا، لەکاتی هات و هاوار و شەڕەکان دا ئەوە بەیەك دەڵێینەوە کە دڵیی پیسە، بەلام ئەو رەتی دەکاتەوە کە دڵی پیس بێت، تەنیا بەوەی دەشوبهێنێ کە غیرەیەکی خۆشەویستیەو هیچی تر. یاخود بەهۆی هەندێك قسەو باسی بنەماڵەییەوە تووشی ئەو حاڵەتە دەبین:.

ژیانی هاوسەری، نهێنی زۆر جۆراوجۆری تێدایە، پاراستنی ئەو نهێنیانەش لەئەستۆی ژن و پیاودایە و پێویستی بە متمانە هەیە لەنێوان ژن و پیاودا. ئەگەر بێت و متمانەی نێوان ژن و پیاو بمێنێت و نەیدۆڕێنن ئەوا ئەو دڵ پیسیە دروست نابێت، بۆنموونە ئەگەر ژن و پیاو هەردوو پابەندی رێکەوتنەکانی نێوانیان بوون لەکاتی سەردان و رۆیشتنیان بۆ شوێنە گشتی و تایبەتیەکان و نەکەوتنە ژێر کاریگەری عاتیفی و خزمایەتیەوە، خۆیان تێکەڵی کۆمەڵێك لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان نەکەن، ئەوا ئەو دڵپیسیە دروست نابێت.

**ئەرمەن رەئوف دوای چوارساڵ و نیو لەژیانی هاوسەریدا لەسەر کێشەی دڵپیسیی جیابووەتەوە و دەڵێت:** لەو ماوەیەی کە لەژیانی هاوسەریدا بووم، زۆر بەناخۆشی گوزەراندومە، چونکە هەموو جوڵەیەکم لەو ماڵەدا لەگەڵ هاوسەرکەم و کەسوکارم بە پرسیارو لێپرسینەوە تەواو کرد. تەنیا هاوسەرەکەم ئەو کێشەیەی نەبوو، بەڵکو زۆربەی ئەندامانی ماڵی هاوسەرەکەم دڵییان پیس بوو. وام لێهاتبوو هەرکە دەمبینین، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد خێرا پرسیاربکەن لەسەر ئەوەی کێهات بۆ ماڵمان بۆچی هاتووە خزمێکی چۆنە. ئیتر تەواو لەو ژیانە بێزاربووم، چونکە وام هەست دەکرد جنۆکەیەك هەمیشە لەگەڵم دەژی نەك هاوسەر تائەوەی تەواو بێزاربووم و بڕیاریی جیابوونەوەم دا. ئێستا زۆر ئاسوودەم نە کەس دەپرسێ، نە لەهاتنی کەسیش دەترسم. پێشموانیە چیتر بتوانم ژیانی هاوسەریی دروست بکەمەوە، چونکە لەپیاو ترساوم، لە هەرکەسیش دەپرسی زۆربەی ژیانی وەك من دەگوزەرێت، بەلام من نەمتوانی تەحەمولی ئەوە بکەم. یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی هاوسەری دووەم ئەو ترسەیە کەلەئەنجامی ژیانی یەکەمەوە لەگەڵ هاوسەری دڵپیس تووشی دەبێت. بەهۆی ئەو زۆر و زوڵمە کە سەرەتا تووشی ژنان دەبێت، دواتر تووشی ئەو بێهیواییەیان دەکات کە نەتوانن بەئاسانی ژیانی هاوسەری دروست بکەنەوە، جگە لەوەش تووشی چەندین گرفتی دەروونی دەبنەوە.



ئا: سۆزان عەلی

# دوای حەوت مانگ لەهاوسەرگیریم هێـ

لەوکاتەی کە دنیابینی بۆ ژیان لام دروست بوو، هەرزوو ئەوەم لا روون بۆوە کە ژیانم بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات. لەخێزانەکەماندا دوو خوشك بووین، دایکم بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستدا، ئەوکاتی من هێشتا خوێندنم تەواو نەکردبوو لە پۆلی پێنجی ئامادەیی بووم، بە مردنی دایکم شیرازەی ژیانمان تێکچوو، هەرچۆنێك بوو ئەو ساڵەم تێپەڕاند. ئێمە سەرەتا پێمانوابوو کە باوکم بیر لەژن هێنان ناکاتەوە، بەڵام تەنیا ٤ مانگ خۆی راگرت، رۆژێك بەمن و (نیاز)ی وت: دەمەوێت ژن بهێنم. هەردووکمان تووشی شۆك بووین و پێمان وت باوکە ئێمە رازی نابین، ژنی چی، بەڵام باوکم لەسەر قسەی خۆی سوڕ بوو، ژنی هێنا.

بەهێنانی ژنی دووەم ژیانی من و خوشکەکەم گۆڕا، ئەوەی پێیبوترێت خۆشی لەناو خێزانەکەماندا نەما. باوەژنەکەمان زۆر خراپ بوو، رۆژ بەرۆژیش باوەژنەکەمان خراپتر دەبوو، هەرلەیەکەم رۆژەوە چەند مەرجێکی بە باوکم وتبو، بەڵام باوکم دڵی نەهاتبوو پێمان بڵێت، باجیەکەمان ئەوەندە زۆری بۆ هێنابوو، تا رۆژێك لەرێگەی پورمەوە پێیڕاگەیاندین کە بۆماوەیەك بچینە ماڵی پوورم، تا کێشەکەی خێزانەکەمان بەلایەکدا دەکەوێت. بۆماوەی هەفتەیەك لەماڵی پوورم ماینەوە، بێتاقەت بووین بۆیە بەباوکمان وت راست و دروست دەیەوێت چیمان لێبکات ناتوانین بەو شێوەیە بمێنینەوە، باوکیشم پێیوتین بەهاتنەوەی ئێوە ژیانم لێتێکدەچێتەوە، ئەگەر بکرێت بۆماوەیەکی زیاتر لەماڵی پوورتان بن، خۆم لەقاتی سەرەوەدا دوو ژوورتان بۆ دروست دەکەم، بۆئەوەی بەجیا بژین. من رازی بووم، بەڵام نیازی خوشکم رازی نەبوو.

ئەم رۆژانەش تێپەڕی و ئەو ماوەیەی باوکم داوایکرد، لەماڵی پوورم ماینەوە، من لەپۆلی شەش بووم خوێندنم سەختر بوو، ژیانیشمان بەو ناخۆشییە تێدەپەڕی، سەرەڕای ناخۆشییەکان پۆلی شەشم تەواو کرد. نیاز لەپۆلی چواری ئامادەیی بوو وازی لەخوێندن هێناو مێردی کرد. بەمە ئەوەندەی تر ژیانم ناخۆش بوو، نەشمدەتوانی رێگربم لەم مێردکردنەی، چونکە لەسەرێکەوە مافی خۆی بوو و داخوازیکەرەکەشی کوڕی پوورم بوو، هەروەها لەگەڵ خۆشی دەیبرد بۆ دەرەوەی وڵات.

بەهەر دەردە سەرییەك بێ خوێندنم تەواو کرد و لە پەیمانگای مامۆستایان وەرگیرام، لەنیوەی ساڵی یەکەمدا، رۆژێك باجیەکەم بانگی کردم و وتی: (نەورۆز) وەرە کوڕێکی باش هەیە بۆ شووی پێناکەیت، وتم ئەو کوڕە کێییە و کاری چییە؟ وتی تۆ هەقت نەبێت دایکی خۆت بۆت جێبەجێ دەکات. کەمێك دڵم خۆش بوو، بەڵام دەترسام تووشی کەسێکی خراپم بکات، پاش چەند رۆژێك پێی وتم: نەورۆز ئەمڕۆ کوڕەکە دێت بۆماڵمان یەکتر ببینن، ئەویش مامۆستایە وەك خۆت، برازای خۆمە و کوڕی چاکە.

ئەو رۆژەی کە دەبوو (خالید) بهاتایە بۆماڵمان، نەهات بۆ رۆژی دواتر هات، پاش نیوەڕۆیەك بوو هات، هەستم بەئاسودەیی دەکرد، وتم وا بیر دەکەمەوە کە ئەم داخوازییە سەر دەگرێت و بەدڵی خۆم دەبێت، بۆیە ئەو رۆژە یەکترمان بینی و یەکتریشمان بە دڵ بوو، نزیکەی چەند کاتژمێرێك پێکەوە دانیشتین قسەمان کرد. بەرواڵەت کوڕێکی شۆخ و شەنگ بوو.

ئەم مەسەلەیە گەیشتە لای باوکم و ئەویش رای منی وەرگرت لەسەر ئەو بابەتە، کە زانی من بەدڵمە و پێمخۆشە، رازی بوو.

هەموو لایەنەکانی مەراسیمی هاوسەرگیریەکەمان بەکۆتا گەیشت و رۆژێکمان دانا بۆ ئاهەنگی گواستنەوە، رۆژی هەینی بوو لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩ دا، کە بۆ مانگی هەنگوینی بڕیارماندا بچینە سەیرانگەی دۆکان، دوای تەواوبوونی وێنەگرتن و ئاهەنگەکەمان چووینە سەیرانگەی دۆکان، ئەوەی من بینیم و بەسەرمداهات هەرگیز بەخەویش شتی وام نەبینیبوو.

(خالید) لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان بۆ ژوورەکە وتی: نەورۆز ئەمشەو بەتەمای هیچ نەبیت، چونکە من تەندروستیم باش نییە. منیش زۆر بەئاسایم وەرگرت. بۆ بەیانی (خالید) زۆر بێتاقەت بوو نەمدەزانی بۆچی بێتاقەتە؟ لێمپرسی، هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، دووبارە بۆ شەوی داهاتوو هەمان شتی پێووتمەوە، بەڵام بۆ بەیانییەکەی وتی: نەورۆز گوێ بگرە، ناتوانم هیچ پێوەندییەکی ژن و مێردایەتی ئەنجام بدەم لەبەرئەوەی تەندروستیم هیچ باش نییە، وتم: باشە چیتە بابچین بۆلای پزیشك، وتی: قەینا پێویست ناکات، بەهەرحاڵ ئەو رۆژەشمان تێپەڕاند، بۆ شەوی داهاتوو دانیشتبووین خەریکی چا خواردنەوە بووین ئەوەندەم زانی پەرداخەکەی خستە خوارەوە و هاواری کرد و وتی: بڕۆ دەرەوە، پێموت بەو شەوە بۆ کوێ بڕۆم چی بووە چیم کردووە؟ هەر پێیداگرت کە بچمە دەرەوە، منیش ترسام و چوومە دەرەوە، نەمدەزانی چی بکەم؟ بۆیە تەلەفۆنم بۆ باجیەکەم کردو پێموت، باجیەکەم وتی: کەمێك ئارام بگرە باش دەبێت.

پاش نیو کاتژمێر لەدەرگای ژوورەکەمدا، دەرگاکەی بۆ کردمەوە و هیچ قسەی نەکرد، بەترس و لەرزەوە چوومە ژوورەوە. بینیم دوو سێ حەبی بەدەستەوەیە و خەریکە دەیخوات، داوای ئاوی کرد و ئاوەکەم پێدا، پاش چارەکێك بەبێ ئەوەی قسە بکات خەوی لێکەوت، هەر ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە خالید نەخۆشی دەروونی هەیە، لەبەرئەوەی دوو رۆژە حەبی نەخواردووە، بۆیە تووشی ئەو حاڵەتە بووە. بۆ بەیانی داواملێکرد کە بڕۆینەوە، باش بوو بەقسەی کردم، بەڵام داوای لێبوردنی کرد بۆ ئەو حاڵەتانەی بەسەریدا هاتووە و وتی تکات لێدەکەم، ئەگەر پرسیاریان کرد بڵێ هەموو شتێك تەواو بووە.

کە گەڕاینەوە هیچ کەس پرسیارێکی لێنەکردین، بەلامەوە سەیر بوو، بەم جۆرە بۆماوەی (٧) مانگ ژیانمان گوزەراند دوای چەندین شەڕ و ناخۆشی، کاتێك کە بە ماڵی باوکیمان دەوت، دەیانووت هیچ نییە خۆی هەروا توڕەیە. کوڕە بابە چی توڕەیە!! بەهەرحاڵ بەم شێوەیە بەڕێم کرد تا رۆژێك خەریکی چێشت لێنان بووم لە چێشتخانە

پەلاماری دام و زۆری لێــدام، بەپەلە لەژێر دەســتی رام کرد، بۆیە چوومـــەوە بۆماڵی باوکم و ئەمەم بە باوکم وت، باجیەکەم وتی: خۆم قســەی لەگەڵدا دەکــەم، کاتێك پێی وتبــوو، لەوەڵامدا وتبووی هیچ نییە کەمێك باری دەروونم تێکچووبوو، کە ئەمەم بیســت وتم دەبێت لەگەڵمدا بێیت بۆلای پزیشــکی دەروونی.

ئــەو رۆژەی چووین بۆلای پزیشــك زۆر ئاسایی وەریگرت و هات لەگەڵمدا، کە چوین بینیم چەندین راپۆرتی دیکەی بۆ پزیشکەکە هێنابوو، پزیشکەکە پێیوتم: ئەم کوڕە نەخۆشی دەروونی هەیە، چۆن ئاگادارنیت؟

کە گەڕاینەوە بــۆ ماڵەوە تەلەفۆنم بۆ باجیەکــەم کرد و وتم ئەمە نەخۆشــی دەروونی هەیە بــۆ پێتنەوتم؟ پێیوتم: پزیشــکەکە درۆ دەکات هــەر جار جارە وای لێدیت. ئەم مەسەلەیەم بەگرنــگ وەرگــرت و داوای جیابوونەوەم کرد، ئەو شەوەی کە پێموت تووشــی حاڵەتێك بــوو خەریك بــوو بمرێت، ئەوەندەی دیکە ترســام، چونکە ماڵــی باوکی هیــچ گرنگیان بەو مەســەلەیە نەئەدا و بەلایانــەوە ئاسایی بوو.

هەربۆیە کە وتم جیا دەبمەوە نەیانهێشت وتیان: ئەوەندەی دیکە کوڕەکەمــان باری دەروونی ئاڵۆز دەبێت، بۆئەوەی رزگارم بێت لەدەستی، داوای جیابوونەوەم کــرد و لێی جیابوومەوە. کاتێك پێموتــن کە ئەوە حاڵــی کوڕەکەتانە باشــە بۆچی ژنی بۆ دەهێنــن؟ لەوەڵامدا وتیــان: وتومانە ئەگەر ژنی بۆ بهێنین لەوانەیــە چاك بێتەوە، نەمانزانیوە ئەوەنــدەی دیکــە خراپ دەبێــت، بۆیە ئەو حاڵەتانەی بەسەریدا هاتووە پزیشك پێیوتبوو ئەگەر دەرمان بخۆیت تووشی نەزۆکیت دەکات و منداڵتان نابێت، بەڵام پزیشــك بێ ئاگابوو لــەوەی کە هەربەکچێنــی کۆتایی بەژیانی هاوسەریمان دەهێنین.



# ـــشتا هەرکچم

# دزێک دەبێتە هۆی ئاشت

**هەریەکێك لەئێمە کاتێك گوێبیستی ئەوەبین کە دزێك ماڵی کەسێکی نزیکمان یاخود هاوڕێیەکمانی بڕیـــوە زۆر نارەحـــەت دەبین، چونکە بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کەدەبێت ئەو دزە کێ بێت و کێ یارمەتی داوە؟ لەلایەکی ترەوە دەمانەوێت بزانین چی بردووە؟ لەهەموو بارەکاندا حاڵەتێکی ناخۆشە، بەڵام ئەگەر جارێك دزێك بچێتە ســـەر ماڵێکی نووســـەرێك دەبێت لەماڵەکەیدا چی بەرێت؟ لەکاتێك کە ئەو ماڵە پڕەیەتی لەشەڕ و ناخۆشی تەنانەت بە ڕەنگی ماڵەکەدا هەست بەناخۆشی و دووری نێوان هاوسەرەکان دەکەیت، ئەوەی لەم ڕووداوە کۆمەڵایەتیەدا گوێبیســـتی بووین تووشـــی شۆك بووین، چۆن کابرای دز ئەو میهر و سۆزەی هەبووە.**



**دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە**

لەدوای تەواوبوونی دەوام گەڕامەوە بۆ ماڵەوە لەبەرئەوەی بۆ چەند شـــەوێك بوو کە بەجێم هێشتبوو، بەرلەمن هاوسەرەکەم ماڵەکەی بەجێ هێشتبوو، داوای ئەوەی کردبوو ئەگەر من بچمەوە، ئەو جارێکی تر پێ ناخەتەوە ئەو ماڵە، هەرلەبەر ئەوەش بوو نەدەچوومەوە، کاتێك تەلەفۆنم بۆ کرد وەڵامی نەدامەوە، منیش کەلوپەلەکانم لەماڵەوە بەجێهێشتبوو هەردەبـــوو بچمەوە و ســـەرێك بـــدەم، دووبارە تە لە فۆ نـــم بۆ کـــردەوە بەتووڕەییەوە وەڵامی دامەوە وتی: چیت لەمـــن دەوێت، پێموت تـــوڕە مەبە تەنیا پرسیارێکم هەیە بزانم تۆ ڕۆیشتوویتەوە بۆ ماڵەوە یان نا؟ وتی: نەخێر و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

بەپەلە ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، لەگەڵ چوونەژوورەوەمدا موچوڕکەیـــەك بەهەموو گیانمدا هاتـــوو بیـــرم بۆ ئەو کاتانە چۆوە کـــە لەگـــەڵ گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە خەندە چەنـــد بەروویەکی خۆشەوە پێشوازی لێدەکردم یان کوڕەکەم رایدەکرد بـــۆ باوەشـــم. لەکاتێکدا هەموو ژیانم پڕ بوو لەبەختەوەری و شادی بۆ چر کە ساتێك دڵمان ئـــا ز ا ر ی پێنەگەیشتووە ئێســـتا بۆچی وامـــان لێهاتـــووە؟ لـــەم بیرکردنـــەوەدا بووم، چوومـــە ژوورەوە، هەســـتم کرد ماڵەکەمان شـــپرزە بووە، کەلوپەلەکان بەســـەریەکدا دراون، نەمدەزانـــی چی ڕوویـــداوە؟ هەموو ژوورەکان گـــەڕام، بینیـــم هەمووی تێکدراون، زانیم کە دز هاتۆتە ماڵەکەمان، لەوە بێتاقـــەت نەبووم کەبزانم چی بردووە لەبەرئـــەوەی دینارێکم لەو ماڵەدا شـــك نەدەبـــرد کە هەبێت و ئاڵتونیشـــمان نەبـــوو، بەڵام هەردەگـــەڕام تا بزانم چی بردووە، لەگەڕانی ماڵەکە تەواو هیلاك بووم، دەستمکرد بەکۆکردنەوەی کەلوپەلەکان بەتایبەت ژووری نووستنەکەی



# ـــکردنەوەی دوو هاوسەر

تەواو دابوو بەسەر یەکدا.

**نووسینێك بووە مایەی خێر**

لەدوای تەواوکردنی ئیشەکان چوومە هۆڵی دانیشتن و ویستم ئەو کاغەزانە کۆبکەمەوە کە ئەو شەوەی ناخۆشیمان بوو خەریکی نووسینی بابەتێك بووم بۆ رۆژنامە، لەکاتی کۆکردنەوەی کاغەزەکاندا بینیم ئەو کاغەزە هەرلەشوێنی خۆیەتی کە بۆ خەندە نووسیبووم کە تەنیا بیتەوە سەرخۆی بیرێك لەرابردوومان بکاتەوە، هەروەها تێیدا نووسیبووم: خەندە گیان خۆت باش دەزانیت هەموو ژیانی خۆمم کردە قوربانی تۆ، بەهەرشێوەیەك بێت توانیم ماڵەوەمان رازی بکەم کەلەگەڵ تۆ هاوسەرگیری بکەم، دوای ئەوەی رازی بوون چۆن ماڵمان پێکەوەنا و وردە وردە بەکاری رۆژنامەنووسی و نووسینی بابەت بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان چۆن بەشی بژێوی ژیانی خۆمان پارەم پەیدا دەکرد، هاوکات پارمەتی تۆمدا تاخوێندن تەواو بکەیت. چۆن بیرت چۆتەوە کە رۆژ هەبووە بەهەردووکمان پێنج هەزار دینارمان پێنەبووە، ئێستاش تۆ بەقسەی خوشك و هاورێکانت کە پێتوایە ئەوانە دڵسۆزی تۆن، بیانوو لەمن دەگریت و داوا دەکەیت خانوویەکی باشترت بۆ بەکرێ بگرم، یان ماڵمان بچێتە گەرەکێکی باشتر، خۆت باش دەزانی من ئەو توانا ئابووریەم نییە. ئەمانەو چەندین قسەی ترم بۆ نووسیبوو، کە بینیم لەخوار نووسینەکەی منەوە کەسێك شتێکی نووسیوە، کە سەیرم کرد دەبینم نووسراوە: (برا گیان من ئەم کاغەزەم خوێندەوە تەواو دڵم پربوو بۆ تۆ ئەی چۆن ئەو ژنەت زوڵمت لێدەکات و بەجێت دەهێڵێت و بەقسەی خەڵك ژیان لەخۆی تێکدەدات، من بۆ دزی هاتبوومە ئەم ماڵە، بەڵام کاتێك ئەم کاغەزەم بینی و خوێندمەوە زانیم کە ناخۆشی کەوتۆتە نێوانتان، بۆیە بریارمدا هیچ نەبەم و بچمە دەرەوە).

بەراستی تووشی سەرسورمان بووم چۆن دزێك ئەم شتە دەنووسێت، گومانم کرد کەسێکی تر هاتبێتە ئەم ماڵەو ئەمەی نووسیبێت بۆئەوەی ئێمە ئاشت ببینەوە، بەڵام باوەریشم نەدەکرد، چونکە حاڵەتەکە زۆر سەرسورهێنەر بوو، هەر لەو کاتە تەلەفۆنم بۆ خەندە کردەوە دووبارە بەتورەییەوە وەڵامی دامەوە، پێموت: بۆچی تورە دەبیت ئەوەتا دز هاتۆتە سەر ماڵەکەمان، ئەو شەوەی کە منیش ماڵم بەجێهێشت کاغەزێکم وەك گلەییەك بۆ تۆ نووسیبوو، کاتێك دزەکە ئەمەی بینیوە شتی لەسەر نوسیوە. وتی: چۆن شتی وادەبێت هەرگیز باوەر ناکەم. وتم: هەرئێستا بۆت دەهێنم. کاتێك چووم بۆ ماڵی باوکی خەندە، خەندە دەرگاکەی لێکردمەوە، یەکسەر کاغەزەکەم پیشان دا کە ئەوەی بینی دەستی کرد بەگریان و وتی: هەرئێستا دێمەوە. دەڵێم خۆزگەم هەموو دزێك کە دەچێتە سەر ماڵان، دزێکی خوێنەوار بێت بۆئەوەی هەرچییەکی بینی بیخوێنێتەوە بۆئەوەی ئەگەر کێشەو ناخۆشیەك لەوخێزانەدا هەبێت و شتێکیان نوسیبوو با ئەویش پەیامێکیان بۆ بەجێ بهێڵێت، چونکە ئەمە ببێتە هۆکار بۆ ئاشتبوونەوە و رێکبوونەوەی ئەندامانی خێزان، هەربۆیە بیرم لەوەکردۆتەوە لەیەکێك لەرۆژنامەکاندا ئەو کاغەزە وەك خۆی بڵاو بکەمەوە ئەگەر هاوسەرەکەم رازی بێت.



بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com